# بەشی چوارەم

# ئایندەی گەشەی دانیشتوانی شاری قەڵادزێ وکاریگەریی لەسەر ئاراستەکانی فراوانبوون و مۆرفۆلۆجیەکەی

لەم بەشەدا هەوڵدەدەین باس لەئاڕاستەکانی ئایندەی گەشەی دانیشتوان و فراوانبوونی ڕووبـەری شاری قەڵادزێ بکەین، بەشێوەیەك کەوا ژمارەی دانیشتوان لە ئایندەدا لـە سـاڵی(٢٠٣٥) دەبێتە چەند کەس، وە ڕێژەی گەشەی دانیشتوان بەچ شێوازێك دەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا ئاماژە بەوەدەکەین ئەو ژمارەیەی دانیشتوان کە لەئایندەدا زیاد دەکات چ کاریگەری و ڕەنگدانەوەیەك دروست دەکات لەسەر پانتای ڕووبەرو ئاڕاستەکانی فراوانبوون و شێوەی مۆرفۆلۆجیی شاری قەڵادزێ و هەریەك لەجۆرەکانی بەکارهێنانی زەوی لە وشارەدا.

لەدیارترین ئەو ئاڕاستەو بۆچوونە نوێیانەی کە لەچواردەوری بابەتەکانی جوگرافیای شار دەدوێن لە ئێستادا: بریتیە لەو لێکۆڵینەوەو پلانانەی کەوا باس لەپێکهاتەی ناوخۆی شارەکان دەکەن، پلان دانانی شارنشینی بریتیە لەجێ بەجێ کردنی کردارەکان بەشێوازێکی زانسـتیانە و بەئامـانجی دروست کردن و پێشخستن و نوێ کردنەوەی ژینگەی شارە زیاتر لەوەی کە لەئێستادا وداهاتوودا پێویستە. لەڕاستیدا پلان دانان پێك دێت لە کۆبونەوەی کۆمەڵێك پسـپۆڕی شارەزاو ئەکادیمی لەبواری دیاریکراودا، بـۆلێکۆڵینەوە وفەراهەم کردنێکی گشتگیری بەڕادەیەك کەچی پێویستە بۆداهاتوو بکرێت، بۆئەوەی بتوانرێت سوودی تەواو لە توانای دەرامەتە سروشتیەکانی ناوچەکە وەربگرێت. لەڕاستیدا جوگرافیا لەبچووکترین خاڵ بەمەبەستی پلان دانان بۆئایندە دەورێکی گرنگ وکاریگەر دەگێڕێت هەرچەندە پلان دانان جۆراو جۆرە، بەڵام ناتوانرێ جموجۆڵ وکاریگەریەکانی جوگرافیا لەوناوچەیەدا پشتگوێ بخرێت کەدەمانەوێت پلانی بۆ دابنێین و پەرەی پێ بدەین، بێگومان پلان دانان و پێشبینی کردن بۆ ئایندە سەرکەوت بەدەست ناهێنێت ئەگەر زانیاری ووردو ڕوونمان لەبەردەست نەبێت بۆ

ئەو ناوچانەی کەدەمانەوێت پەرەیان پێ بدەین و کەرەستەکانیان بەرهەم بهێنین. لێرەدا جۆرێك لەپەیوەندی لەنێوان جۆری پلاندانان و بارودۆخی ناوچە جوگرافیاکە هەیە، بەشێوەیەك چەند لایەنێك بە یەکیانەوە دەبەستێتەوە کە لەنێوانیاندا هەیە هاوبەشە[1].

هەر بۆیە هەوڵ دەدەین لەدیدو بۆچونێکی جوگرافیاوە کاریگەر گەشەی دانیشتوان لەسەر ئایندەی ڕووبەرو جۆرەکانی بەکارهێنانی زەوی لە شارەکەدا بخەینە ڕوو وەهەستان بەرێژەی گەشەی ساڵانە (حصروترقیم) بۆ ساڵی (٢٠٠٩) وە دەرخستنی گۆڕانکاریەکانی ڕووبەرو ئاڕاستەکانی فراوانبوون وجۆرەکانی بەکارهێنانی زەوی لەشارەکەدا، بەهۆی پشت بەستن بەنەخشەی ماستەر پلانی شاری قەڵادزێ کە لەهەمان ساڵ دا ئەنجام دراوە بۆ(٢٦) ساڵی ئایندە واتا بۆ ساڵی (٢٠٣٥). پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کەوا توێژەران چەند ڕێگا وپێوەرێك بەکاردەهێنن بۆپێشبینی کردنی گەشەی دانیشتوان و فراوانبوونی ڕووبەری شار بەگوێرەی چەند پێوەرێکی پشت پێ بەستراو لەلایەن دەستەی پلان دانانی ناوخۆیی و نێودەوڵەتیەوە، لەڕاستیدا پێویستە ئاماژەبەو ڕێگاوپێوەرانە بکەین کەبەکاردەهێنرێن لەوجۆرە لێکۆڵینەوەدا کەبریتین لەمانەی لای خوارەوە[2]:

١-ڕێگای خەملاندن بۆ پێشبینی کردنی داهاتووی دانیشتوان.

٢- ڕێگای تێکڕای بەشی تاك لە ڕووبەر.

٣- بەکارهێنانی ماستەر پلان بۆدیاریکردنی ئایندەی شار.

ئەم لێکۆڵینەوەدا بۆ پێشبینکردن ڕێگای داشکاندن (طریقة الاسقاطات) و یاسای بەشی تاك لەڕووبەر بەکاردەهێنین کەبریتیە لەو شێوازەی بەکاردەهێنرێت بۆزانینی قەبارەی دانیشتوان و ڕووبەری چاوەڕوان کراو لەساڵی مەبەست دا، وە پشت بەو ماستەر پلانەش دەبەستین کە بۆ شاری قەڵادزێ دانراوە، هەروەها هەوڵ

[1] کامران طاهر سعید، توسع مدینة السلیمانیة بتأثیر الاسر الحضری(دراسة فی جغرافیة المدن)، المصدر السابق، ص١٧٠-١٧١.

[2] محسن عبد الصاحب المظفر، تقنیات البحث المکانی وتحلیلاته، دار صفاء للنشر والتوزیع، عمان ،٢٠٠٧، ص٢٢٧-٢٢٩.

**دەدەین چەند سەرنج و تێبینییەك لەدیدو بۆچونێكی جوگرافیاوە دەربارەی ماستەر پلانەكە بخەینە ڕوو، لەڕێگەی ئەو پێوەرانەی كە بەكاریان دەهێنین لەگەڵ ئەو شارەزاییەی كە سەبارەت بەناوچەی لێكۆڵینەوە هەمانە بەپشت بەستن بەسەردانی مەیدانی بۆ ناوچەكە.**

## باسی یەکەم

## ئایندەی گەشەی دانیشتوانی شاری قەڵادزێ

دیاریکردنی ئایندەی قەبارەی دانیشتوان بەیەکێك لەو بابەتانە دەژمێردرێت کە بایەخێکی گەورەی هەیە لەخوێندن و لێکۆڵینەوەکانی جوگرافیای دانیشتون دا، هەروەك چۆن بایەخ دان بە لێکۆڵینەوەی قەبارەی دانیشتوان لە دوارۆژدا وە پێشبینکردن لە بارەیەوە بۆتە ئاماژە پێکردنێکی بنەڕەتی و پێویست بۆ ئاراستەکردن و گەشەکردنی پلان دانان لەسەر بنەمایەکی زانستی لە دنیای ئەمڕۆدا، لەهەمان کاتیشدا پێشبینی کردنی گۆڕانکاریەکانی دانیشتوان لەئایندەدا یەکێکە لەو داوایانەی کە پێویستی بەدەستنیشان کردنی کۆمەڵێك پسپۆڕ هەیە کەپێویستە بوار بڕەخسێنرێت بۆیان وەکۆمەڵێك بنەماو داتای بنەڕەتیان بۆ دابین بکرێت، هەروەها ئەو ئامارانەی کە پەیوەندی دارن بەخزمەتگوزاریە جۆراو جۆرەکانی کۆمەڵگەوە ئەمانیش لەدوایدا بەشداری دەکەن لەنەخشەکێشانی ئایندەی ئەو شارە، تێکڕای ناوەندی گەشەی دانیشتوان بەشێوەیەکی پێویست بەشداری دەکات لە دیاریکردنی ئەو ماوە زەمەنیەی کە ناوچەیەك پیادا تێپەڕدەبێت بۆ گەیشتن بە زانین و دەست نیشانکردنی ئایندەی قەبارەی دانیشتوان[٣].

بێگومان پێشبینی کردنی ژمارەی دانیشتوان لەداهاتوودا بەمەبەستی هەڵسەنگاندن ودەست نیشانکردنی پێداویستیەکانی ئایندەو فراوانبوونی ڕووبەری شارەکەیە، هەربۆیە لەم ڕوانگەیەوە توێژینەوەکە هەوڵ دەدات لەڕێگەی داشکاندنی دانیشتوان قەبارەی دانیشتوانی چاوەڕوانکراو بدۆزیتەوە، کەبەیەکێك لەگرنگترین هۆکارەکان دەژمێردرێت کەپشتی پێ دەبەسترێت بۆ زانینی ئاراستەکانی ئایندەی شارەکان،چونکە زانینی قەبارەی دانیشتوانی هەر

---

[٣] حمادی عباس حمادی البشري، التغيرات السكانية في محافظة القادسية (١٩٧٧- ١٩٩٧)، دراسة في جغرافية السكان، اطروحة دكتوراه كلية التربية، جامعة بغداد، بغداد ، ٢٠٠٥، ص١٠٧.

شارێك لەئایندەدا بەبنەمایەك دادەنرێت بۆ سەرپەرشتی كردنی داهاتووی شارەكە هەتا سالّی مەبەست(٢٠٣٥)، هەربۆیە دەكرێت بلّێین گەشەی دانیشتوانی پێشبینی كراو كاریگەریەكی ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر ڕووبەری شارو قـەبارەی نشینگەكان ئێمەش پشت بەتێكڕای گەشـەی سـالآنەی دانیشتوان دەبەستین لەمـاوەی نێـوان سالآنی (٢٠٠٢–٢٠٠٩) كە ڕێژەكەی بریتیە لە (٤،٦٪)، لەگەلّ پشت بەستن بەژمارەی دانیشتوانی سالّی (٢٠٠٩).

بەئامانجی بەدەست هێنانی پێشبینیەكان دەكرێت ئەو هاوكێشەی لای خوارەوە بەكاربهێنین كە ڕێكخراوی نەتەوە یەكگرتووەكان بەكاری دەهێنێت بەم شێوەیەی لای خوارەوە:[٤]

$$\text{ئەنجام} = \frac{\text{ڕێژەی گەشەی سالآنە} \times \text{ژمارەی دانیشتوان بۆ هەر سالّێك}}{١٠٠}$$

ئەنجام + ژمارەی دانیشتوان لە سالّی ٢٠٠٩= ژمارەی دانیشتوانی سالّی ٢٠١٠.

$$٢٨٠٧ = \frac{٤,٦ \times ٦١٠٣٨}{١٠٠}$$

٢٨٠٧ + ٦١٠٣٨ = ٦٣٨٤٥ واتا ژمارەی دانیشتوان لە سالّی ٢٠١٠.

[٤] عبد علی حسن الخفاف و عبد مخور الريحانی، جغرافية السكان، مطبعة جامعة البصرة، البصرة، ١٩٨٦، ص١٥٢.

لەم هاوکێشەیەدا پشتمان بەساڵی بنچینەیی بەستوە بەمەبەستی دەرهێنانی ژمارەی دانیشتوانی پێشبینی کراو وە ڕووبەری ساڵی ٢٠٠٩.

هەروەك لەخشتەی ژمارە (٢٧) ڕوونکراوەتەوە ژمارەی دانیشتوانی ناوچەی لێکۆڵینەوە بەگوێرەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوانی شاری قەڵادزێ کەڕێژەکەی (٦،٤٪) وە بەگوێرەی بیردۆزی مێژووی گەشەی ساڵانەی عێراقی کە(٣٪) یە، لەهەمان کاتدا بە پشت بەستن بەماستەر پلانی شاری قەڵادزێ کە ژمارەی دانیشتوانی قەڵادزێی دیاری کردووە، بۆمان دەردەکەوێت کەجیاوازی هەیە لەخێرایی گەشەی دانیشتوانی شاری قەڵادزێ لەنێوان ژمارەی دانیشتوانی ماستەرپلانەکە و ئەو ژمارەیەی کەبەپشت بەستن بەڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوانی شاری قەڵادزێ و ئەوبیردۆزە مێژووییەی کەئاماژە بەگەشەی دانیشتوانی عێراق دەکات، بەم شێوەی لای خوارەوە:

ئەگەر پشت بە تێکڕای گەشەی ساڵانەی عێراق ببەستین کە ڕێژەکەی (٣٪)یە ئەوا ژمارەی دانیشتوانی شاری قەڵادزێ لەساڵی(٢٠٢٠)دا دەگاتە(٨٤٤٩٠)کەس، بەڵام ئەم ژمارەیە بەرز دەبێتەوە (١٣١٦٣٢ )کەس لە ساڵی(٢٠٣٥)دا بەزیادبوونی ساڵانەی (٥٠٦٢)کەس.

بەڵام بۆدەرهێنانی ژمارەی دانیشتوانی ناوچەی لێکۆڵینەوە لەساڵی (٢٠٣٥) دا بەپشت بەستن بەتێکڕای ڕێژەی گەشەی ساڵانەی شاری قەڵادزێ کە ڕێژەکەی (٤,٦٪) ئەوا ژمارەی دانیشتوانی قەڵادزێ لە(٦١٠٣٨) کەسەوە لەساڵی بنچینەیدا لە(٢٠٠٩) زیاد دەکات بۆ (١٠٠١٠٢) کەس لەساڵی (٢٠٢٠) دا وە ئەم ژمارەیە بەرزدەبێتەوە بۆ (١٩٦٥٢٦) کەس لەساڵی مەبەست دا (٢٠٣٥) بەزیادبوونی (٧٥٥٨)کەس ساڵانە.

ئەگەر ئاماژەیەك بەژمارەیی دانیشتوانی شاری قەڵادزێ بکەین بەگوێرەی ئەو ماستەر پلانەی کەئایندەی ژمارەی دانیشتوانی ناوچەی لێکۆڵینەوەی تیادا دەستنیشانکراوە، بەتێبینی کردن لەخشتەی ژمارە(٢٧) بۆمان دەردەکەوێت دانیشتوانی شاری قەڵادزێ لەساڵی(٢٠١٠)دەبێتە (٦٧٨٤٨) کەس، بەڵام لەساڵی٢٠٢٠ دەگاتە(٩٣٨٨١) کەس، هەروەها لەساڵی٢٠٣٠

دەبێتە (١٣٧٠٦٨) کەس، بەڵام لە ساڵی (2035) بەرزدەبێتەوە بۆ (١٧٥٠٠٠) کەس بەزیادبوونی (٦٧٣٠) کەس ساڵانە، کەواتا لێرەوە لەرێگەی بەراووردکردنی ژمارەی دانیشتوانی شاری قەڵادزێ بەگوێرەی ماستەر پلانەکە لەگەڵ ئەو ژمارەیەی کە بەپشت بەستن بەرێژەی گەشەی ساڵانەی (٢٠٠٢–٢٠٠٩) ی شاری قەڵادزێ وە لەرێگەی بەکارهێنانی هاوکێشەی زانستیەوە دەرهێنراوە، بەو ئەنجامە دەگەین کەژمارەی دانیشتوانی ناوچەی لێکۆڵینەوە بەجیاوازی (٢١٥٢٦) کەس لەگەڵ ژمارەی دانیشتوانی ماستەر پلانەکە زیاترە و جیاوازی هەیە،.

بێگومان ئەم جیاوازیەش لەژمارەی دانیشتوانی شاری قەڵادزێ کە توێژینەوەکە دەریهێناوە لەگەڵ ژمارەی دانیشتوانی ماستەر پلانەکە هۆکارەکەی دەگەرێتەوە بۆ بەرزی رێژەی گەشەی دانیشتوانی ناوچەی لێکۆڵینەوە، بێگومان بەرزی رێژەی گەشەی دانیشتوان بەرێژەی( ٤,٦٪) بێ هۆکار نیە، بەڵکو دەگەرێتەوە بۆ ئەم خاڵانەی لای خوارەوە کە لەبەشی دووەمی تایبەت بەگەشەی دانیشتوان ئاماژەمان پێ دا:

١- بەرزیی تێکرای رێژەی گەشەی سروشتی لەماوەی نێوان ساڵانی (١٩٧٧ -٢٠٠٩) کەنزیکەی(٣١) بووە لەهەزارا، بێگومان بەرزی گەشەی سروشتی لەئەنجامی زۆری لەدایك بوون وکەمی مردن بووەلەشاری قەڵادزێ لەهەمان ماوەدا.

٢- بێگومان هەڵکەوتەی شوێنە جوگرافیەکەی لەناوچەیەکی دەشتایی کشتوکاڵی وسنووریدا لەگەڵ وولاتی ئێران، جۆرێك لەگەشەکردنی ئابووری وبازرگانی بەشارەکە بەخشیووە، ئەمەش خۆی لەخۆیدا رەنگدانەوەیەکی ئاشکرای کردۆتەسەر راکێشان و کۆبوونەوەی دانیشتوانی زیاترلە شارەکەدا.

٣- قەڵادزێ سەنتەری کارگێریی قەزای پشدەرە ئەمەش یارمەتی داوە بۆکۆبوونەوەی دامودەزگا جۆراوجۆرەکان لەو شارەدا بەتایبەتی دوای دووبارە ئاوەدانکردنەوە، ئەمەش هۆکارێك بووە بۆراکێشانی زیاتری گوندنشینەکان ودانیشتوانی شارۆچکەکانی دەوروبەری بۆ شاری قەڵادزێ، لەراستیدا کۆچی گوندنشینەکان تائێستاش هەربەردەوامە.

**٤- حكومەت هەوڵێكی زۆر دەدات بۆ ئەوەی گرنگی زیاتر بەو ناوچەیە بدات، چونكە ئەم شارە بەهۆی شوێنە جوگرافیەكەیە وەگرنگیەكی ئابووری وبازرگانی وسیاسی بۆ حكومەتی هەرێمی كوردستان دەستەبەر دەكات، ئەمەش پاڵنەرێكە بۆئەوەی دانیشتوان زیاتر لەوناوچەیە گردببنەوە.**

**٥- قەڵادزێ ناوچەیەكی ڕاكێشانی دانیشتوان بووە، چونكە وەك لە بابەتی كۆچ ئاماژەمان پێی دا كۆچی هاتوو بۆشارەكە زیاتر بووە لە كۆچی ڕۆیشتوو لەشارەوە، لەبەر ئەوە پاڵپشت بەم هۆكارانە دەكرێت بڵێین بەردەوامبوونی گەشەی دانیشتوانی شاری قەڵادزێ بەم شێوازە لەئاییندەدا كاریگەری دەكاتە سەر زیادبوونی ژمارەی دانیشتوانی شارەكە.**

## خشتەی ژمـارە ( ٢٧ )
## دانیشتوانی پێشبینیکراوی شـاری قـەڵادزێ لەماوەی سالآنی
( ٢٠٠٩ – ٢٠٣٥ ).

| ساڵ | ژمارەی دانیشتوان بە گوێرەی تێکڕای گەشەی ساڵانەی قەڵادزێ ( ٦،٤٪ )* | ژمارەی دانیشتوان بە گوێرەی تێکڕای گەشەی ساڵانەی عێراق ( ٣٪ )** | ژمارەی دانیشتوان بە گوێرەی ماستەر پلانی قەڵادزێ*** |
|---|---|---|---|
| ٢٠٠٩ | ٦١٠٣٨ | ٦١٠٣٨ | |
| ٢٠١٠ | ٦٣٨٤٥ | ٦٢٨٦٩ | ٦٧٨٤٧ |
| ٢٠١١ | ٦٦٧٨٢ | ٦٤٧٥٥ | |
| ٢٠١٢ | ٦٩٨٥٤ | ٦٦٦٩٧ | |
| ٢٠١٣ | ٧٣٠٦٧ | ٦٨٦٩٨ | |
| ٢٠١٤ | ٧٦٤٢٩ | ٧٠٧٥٩ | |
| ٢٠١٥ | ٧٩٩٤٤ | ٧٢٨٨٢ | ٨٠٥٦٩ |
| ٢٠١٦ | ٨٣٦٢٢ | ٧٥٠٦٨ | |
| ٢٠١٧ | ٨٧٤٦٨ | ٧٧٣٢٠ | |
| ٢٠١٨ | ٩١٤٩٢ | ٧٩٦٤٠ | |
| ٢٠١٩ | ٩٥٧٠٠ | ٨٢٠٢٩ | |
| ٢٠٢٠ | ١٠٠١٠٢ | ٨٤٤٩٠ | ٩٣٨٨١ |
| ٢٠٢١ | ١٠٤٧٠٧ | ٨٧٠٢٤ | |
| ٢٠٢٢ | ١٠٩٥٢٤ | ٨٩٦٣٥ | |
| ٢٠٢٣ | ١١٤٥٦٢ | ٩٢٣٢٤ | |
| ٢٠٢٤ | ١١٩٨٣٢ | ٩٥٠٩٤ | |
| ٢٠٢٥ | ١٢٥٣٤٤ | ٩٧٩٤٧ | ١٠٧٨٧٢ |
| ٢٠٢٦ | ١٣١١١٠ | ١٠٠٨٨٥ | |
| ٢٠٢٧ | ١٣٧١٤١ | ١٠٣٩١٢ | |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٢٠٢٨ | ١٤٣٤٤٩ | ١٠٧٠٢٩ | |
| ٢٠٢٩ | ١٥٠٠٤٨ | ١١٠٢٤٠ | |
| ٢٠٣٠ | ١٥٦٩٥٠ | ١١٣٥٤٧ | ١٣٧٠٦٨ |
| ٢٠٣١ | ١٦٤١٧٠ | ١١٦٩٥٣ | |
| ٢٠٣٢ | ١٧١٧٢٢ | ١٢٠٤٦٢ | |
| ٢٠٣٣ | ١٧٩٦٢١ | ١٢٤٠٧٦ | |
| ٢٠٣٤ | ١٨٧٨٨٣ | ١٢٧٧٩٨ | |
| ٢٠٣٥ | ١٩٦٥٢٦ | ١٣١٦٣٢ | ١٧٥٠٠٠ |

**سەرچاوە:**

**کاری توێژەر بەپشت بەستن بە ژمارەی دانیشتوان شاری قەڵادزێ لە ساڵی بنچینەیی دا، ٢٠٠٩.**

***تێکڕای گەشەی (٤,٦%) بۆ شاری قەڵادزێ بە هەژمارکردنی تێکڕای گەشەی ساڵانەی شاری قەڵادزێ لە ماوەی ساڵانی (٢٠٠٢ – ٢٠٠٩).**

**** تێکرای گەشەی ساڵانەی دانیشتوانی عێراق بەگوێرەی فەرمانگەی ناوەندی سەرژمێری، دانیشتوانی عێراق بۆ ساڵی (٢٠١٢) بیردۆزی مێژووی بۆ دانیشتوانی عێراق بەگوێرەی ساڵەکانی سەرژمێری گشتی دانیشتوان.**

***** ژمارەی دانیشتوانی شاری قەڵادزێ بە گوێرەی ماستەرپلانی شارەکە بۆ ساڵی ٢٠٣٥.**

**ماستەر پلانەکە بۆ دەرهێنانی ژمارەی دانیشتوانی شاری قەڵادزێ پشتی بەستووە بەم هاوکێشەی لای خوارەوە:**

**(کۆچی هاتوو – کۆچی ڕۆیشتوو) + (لە دایك بوون – مردن) + P2 = P1**

**P2 = ژمارەی دانیشتوان لە ساڵی دووەم.**

**P1= ژمارەی دانیشتوان لە ساڵی یەکەم.**

**بۆ(لەدایك بوون و مردن)، ( کۆچی هاتوو ڕۆیشتوو) پشتیان بە داتاکانی(٨) ساڵی پێشوو بەستووە واتا ماوەی ساڵانی(٢٠٠٠– ٢٠٠٨).**

**بڕوانە: حکومەتی هەرێمی کوردستان وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلان دانانی سلێمانی، شارەوانی قەڵادزێ، ماستەرپلانی شاری قەڵادزێ، پرۆژە ڕاپۆرتی پێشبینیکردنی دانیشتوانی قەڵادزێ لەساڵی ٢٠١٠- ٢٠٣٥، ١٣١-١٤، لا١٤١-١٤٣.**

## شێوەی ژمارە (٨)

## دانیشتوانی پێشبینیکراوی شاری قەڵادزێ بەگوێرەی ماستەرپلان و تێکڕاکانی گەشەی ساڵانە (٣٪،٤,٦٪)

## (٢٠٠٩ -٢٠٣٥)




سەرچاوە: کاری توێژەر بەپشت بەستن بەخشتەی ژمارە (٢٧)

لەکۆتایی ئەم باسەدا گەیشتینە ئەو ئەنجامەی کە بڵێین دیاریکردنی قەبارەی دانیشتوان لەئاییندەدا یەکێکە لەو بابەتانەی کەلەلێکۆڵینەوەکانی بواری جوگرافیادا بایەخێکی گەورەی هەیە، لەهەمانکاتدا ئاماژە پێکردنێکی بنەڕەتی و پێویستە بۆ ئاراستەکردن وگەشەپێدانی پلان دانان لەدنیای ئەمڕۆدا. وەبۆمان دەرکەوت کەژمارەی دانیشتوانی شاری قەڵادزێ لەئاییندەدا بەرزبوونەوە بەخۆیەوە دەبینێت ، بەجۆرێك ژمارەی دانیشتوانەکەی لە(٦١٠٣٨) کەسەوە لەساڵی (٢٠٠٩) بەرزدەبێتەوەو دەگاتە (١٧٥٠٠٠) کەس لەساڵی (٢٠٣٥)، هەروەها بۆمان ڕوون بۆوە کە ئاراستەی گەشەی دانیشتوانی شاری قەڵادزێ لەداهاتوودا بەگوێرەی ماستەرپلانەکە جیاوازە لەو ژمارەی کەتوێژینەوەکە بەپشت بەستن

بەرێژەی گەشەی ساڵانەی (٢٠٠٢-٢٠٠٩) کە (٤,٦١٪)ە وە ژمارەی دانیشتوانی ساڵی(٢٠٠٩) دەریهێناوە، لەهەمانکاتیشدا ژمارەی دانیشتوانی ماستەر پلانەکە جیاوازی هەیە لەگەڵ ئەو ژمارەیەی کە بەهۆی بیــردۆزی ڕێــژەی گەشەی ســالآنەی عێــراق کەڕێــژەی لە(٣٪)یە دەرهێنراوە، بەجۆرێك ژمارەی دانیشتوانی قەلآدزێ بەگوێرەی ڕێژەی گەشەی ساڵانەی ناوچەی لێکۆڵینەوە دەگاتە (١٩٦٥٢٦) کەس، بەڵام بەگوێرەی گەشەی ساڵانەی عێراقی دەگاتە(١٣١٦٣٢) کەس، کەواتا لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت لە(٢٦) ساڵی ئایندەدا جیاوازیەکی بەرچاو لەژمارەی دانیشتوانی شاری قەلآدزێ دا بەدی دەکرێت، لەنێوان هەریەك لە ژمارەی دانیشتوانی ماستەرپلانەکە وئەو ژمارەیەی دانیشتوان کەتوێژینەوەکە پێی گەیشتووە، بەڵام ئاماژەکان بەگشتی لەوەدا یەك دەگرنەوە کەدانیشتوانی ناوچەی لێکۆڵینەوە بەگشتی لەداهاتوودا بەئاڕاستەی گەشەکردن هەنگاودەنێت.

## باسی دووەم

# ئاڕاستەکانی فراوانبوونی ڕووبەری شاری قەڵادزێ وکاریگەری لەسەر ئایندەی مۆرفۆلۆجی شارەکە

لەماوەی باس کردنی قۆناغەکانی فراوانبوونی ڕووبەری شاری قەڵادزێ بۆمان دەرکەوت شار بەهۆی کاریگەری گەشەی دانیشتوانەوە بەگشت ئاڕاستەکانی دا فراوان بووە، ئەمەش بەهۆی گونجاویی باری تۆبۆگرافی شارەکەو هەڵکەوتەی لەسەر ناوچەیەکی دەشتاییدا یارمەتی داوە بەگشت ئاڕاستەکاندا فراوان بێت،هەروەها دابەشکردنی زەوی نیشتەجێ بوون لەلایەن حکومەت وەگەشەکردن وزیادبوونی بەردەوامی ژمارەی دانیشتوان هۆکارێکی سەرەکی بووە بۆ فراوانبوونی ڕووبەری قەڵادزێ و ڕووبەری هەریەك لەجۆرەکانی بەکارهێنانی زەوی، بەڵام پێویستە بیرمان نەچێت لەماوەی قۆناغەکانی فراوانبوون دا چەند بەربەستێکی سروشتی و مرۆیی هاتوونەتە پێش فراوانبوونی شارەکە، وەك (دارستانی سنەوبەری و ڕێڕەی ئاوی چۆم خڕکە و گردی حوسنی وقەڵاتی قەڵادزێ) ، بەتایبەت لەسەرەتای قۆناغەکانی گەشەکردن و فراوانبوونی شارەکە ڕێگربوون لەبەردەم فراوانبوونی قەڵادزێ، لەبەرئەوە لەزۆر قۆناغ دا شارەکەیان ناچارکردووە زیاتر بەچەند ئاڕاستەیەکی دیاری کراو فراوان بێت، ئەمەش بۆتەهۆی ئەوەی کە قەڵادزێ لەهەرقۆناغەو شێوەیەکی مۆرفۆلۆجی جیاواز لەقۆناغی پێشوتر وەربگرێت.

بێگومان زیادبوونی ڕووبەری شار بەبەردەوامی دەبێتە هۆی زیادبوونی توانای ئەو ڕووبەرە بۆ لەخۆگرتنی زۆر لە گۆڕانکاریەکان لە گرنگترینیان زیادبوونی ژمارەی دانیشتوانە. ئەمەش بەئامانجی پیشاندانی وێنەیەکی ڕوون و ئاشکرا بۆ ئاڕاستەکانی ئایندەو وە بۆداپینکردنی ڕووبەرێکی پێویست بۆشاری قەڵادزێ، لە هەمان کاتدا دەرخستنی توانای چەندیەتی ئەو ڕووبەرەیە بۆ لەخۆگرتنی ئەو

ژمارەیەی دانیشتوان کە لەئاییندەدا زیاد دەکات لەگەڵ سروشتی ئەو داواکاریانەی کە جۆرەکانی بەکارهێنانی زەوی لەو ڕووبەرە پێویستیەتی بۆ ئەوەی بگونجێت لەگەڵ فراوانبوونی ڕووبەری شار لە ئاییندەدا. لەڕاستیدا گەشەی دانیشتوانی ناوچەی لێکۆڵینەوە بەو ڕێژە بەرزەی کەباسمان کرد بۆتە هۆکارێك بۆ ئەوەی سەرنجی پسپۆڕان و شارەزیان و لایەنانی پەیوەندی دار ڕابکێشێت تاکو بیر لەوە بکەنەوە ماستەر پلانێکی گونجاو بۆ ئاییندەی شارەکە دابنێن، تاکو ئەو نەخشەیە بتوانێت پێداویستی و داوکاریەکانی ئەو ژمارەیەی دانیشتوان کە زیاد دەکات پڕ بکاتەوە ئەمە لەلایەك ، لەلایەکی ترەوە تاکو لە ڕێگەی ئەو ماستەرە پلانەوە بتوانرێت نەخـــشەیەکی شـیاو بۆئاییندەی شـارەکە دابنێن کەتیایدا ڕووبـەری پێویست وئاڕاستەی گونـجاوو مۆرفۆلۆجیەکی جـوان بۆ قەڵادزێ دەستەبەر بکەن کەبگونجێت لەگەڵ سروشتی جوگرافی وئابـــووری وکۆمـــەڵایەتی و شارستانی ناوچـەکە لەئاییندەدا.

وەك لەبەشەکانی پێشوود ئاماژەمان پێ دا شاری قەڵادزێ بەگوێرەی (حصروترقیم) ی ساڵی (٢٠٠٩) ژمارەی دانیشتوانەکەی(٦١٠٣٨)کەس بووە، هــەروەها بەگوێرەی نەخشەی بنەڕەتی شارەکە لەهەمان ساڵدا تێکڕای ڕووبەری گشتی قەڵادزێ (٧،١٦٣٨) هێکتاربوو وە ڕووبەری بەکارهێنراو(٦،٧٨٤) هێکتاربووە، بەڵام بەگوێرەی ماستەر پلانی قەڵادزێ وەك لەباسی یەکەمی ئەم بەشەدا ئاماژەمان پێ کرد ژمارەی دانیشتوانی شارەکە لەساڵی (٢٠٣٥) بەرز دەبێتەوە بۆ(١٧٥٠٠٠) کەس، بەزیادبوونی (٦٧٣٠) کەس ساڵانە، واتا تاساڵی مەبەست (١١٣٩٦٢) کەس زیاد دەکات، بێگومان ئەم ژمارەیە لەدانیشتوان کەزیاد دەکات پێویستیان بەڕووبەری (٨،١٢٥٨) هێکتار لەزەوی هەیە، بەمەبەستی دابین کردن وپڕکردنەوەی پێداویستیەکانیان بۆ(نیشتەجێ بوون وڕێگاوبان وسەوزایی وپەروەردە وتەندروستی وبازرگانی وپیشەسازی وئاینی وکارگێری)، بەشێوەیەکی گشتی ئەم زیادبوون وگەشەکردنەی ژمارەی دانیشتوانی ناوچەی لێکۆڵینەوە کاریگەری وڕەنگ دانەوەیەکی ئاشکرا دەکاتە سەر فراوانبوونی ڕووبەری شاری قەڵادزێ بەتێبینی کردن لەخشتەی ژمارە (٢٨) بۆمان ڕوون دەبێتەو تێکڕای ڕووبەری شارەکە لە( ٢٦) ساڵی داهاتوودا وەك

لەماستەر پلانەکەدا ڕوون کراوەتەوە دەگاتە( ٧،٢٨٩٧) هێکتار، بەزیادبوونی (٤،١١١) هێکتار سالآنە.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکەین ڕووبەری شاری قەلآدزێ لەئایندەدا واتا لەسالّی (٢٠٣٥) بەگوێرەی ئەو ئەنجامانەی کەتوێژینەوەکە پێی گەیشتووە بەپشت بەستن بەیاسای بەشی تاك لەڕووبەری شاری قەلآدزێ کە بەشی هەرتاکێك لەڕووبەری بەکارهاتووی شار (٥،١٢٨)م ٢دیاریکراوە وە لەڕێگەی بەکارهێنانی ڕێژەی گەشەی سالآنەی دانیشتوانی شاری قەلآدزێ، وا پێشبینی دەکرێت ڕووبەری ناوچەی لێکۆلّینەوە لەداهاتوودا بگاتە (٣،٢٥٢٦) هێکتار، لەهەمان کاتدا ڕووبەری شاری قەلآدزێ لەڕێگەی بەکارهێنانی پێوەری عێراقی کەبەشی تاك لەڕووبەری شار بە(١٠٢)م٢[٥] دیاریکردوە، واپێشبینی دەکرێت ڕووبەری ناوچەی لێکۆلّینەوە لەئایندەدا بگاتە (٦،٢٠٠٤) هێکتار.

کەواتا لێرەوە دەتوانین بلّێین ئەو ڕووبەرەی کە ماستەر پلانەکە بۆ ئایندەی شارەکە دیاریکردووە زیاترە لەو ڕووبەرانەی کەتوێژینەوەکە پێی گەیشتووە،بەشێوەیەك (٣،٣٧١) هێکتار زیاترە لەو ئەنجامەی کەتوێژینەوە بەپشت بەستن بەبەکارهێنانی بەشی تاك لە ڕووبەری شاری قەلآدزێ دیاریکردوە، لەهەمان کاتدا (٨٩٣)هێکتار زیاترە لەو ڕووبەرەی کەتوێژینەوەکە لەڕێگای بەکارهێنانی پێوەری بەشی تاك لەعێراق دیاریکردوە.

---

[٥] یونس هندی علیوی الدلیمی، التغیرالسکانی واثره فی التوسع العمرانی لمدینة الرمادی، (١٩٧٧-٢٠٠١)، رسالة ماجستیرکلیة التربیة (ابن رشد) جامعة بغداد، بغداد، ٢٠٠٢، ص١١٢.

**خشتەی ژمارە ( ٢٨ )**

**ڕووبـەری پێشبینی کراوی شـاری قـەڵادزێ لە مـاوەی ساڵانی (٢٠١٠- ٢٠٣٥).**

| ساڵ | ڕووبەری پێشبینی کراو بە گوێرەی تێکڕای بەشی تاك لەڕووبەری شاری قەڵادزێ (٥٥،١٢٨) م٢* | ڕووبەری پێشبینیکراو بە هێکتار | ڕووبەری پێشبینکراو بە گوێرەی ماستەر پلانی شاری قەڵادزێ** بە(هێکتار) |
|---|---|---|---|
| ٢٠١٠ | ٨٢٠٧٣٦٤,٧ | ٨٢٠,٧٣ | |
| ٢٠١١ | ٨٥٨٤٩٠٣,٢ | ٨٥٨,٤٩ | |
| ٢٠١٢ | ٨٩٧٩٨٠٨,٨ | ٨٩٧,٩٨٠ | |
| ٢٠١٣ | ٩٣٩٢٨٧٨,٥ | ٩٣٩,٢٨ | |
| ٢٠١٤ | ٩٨٢٤٩٤٨ | ٩٨٢,٤٩ | |
| ٢٠١٥ | ١٠٢٧٦٨٩١ | ١٠٢٧,٦٨ | |
| ٢٠١٦ | ١٠٧٤٩٦٢١ | ١٠٧٤,٩٦ | |
| ٢٠١٧ | ١١٢٤٤١٠١ | ١١٢٤,٤١ | |
| ٢٠١٨ | ١١٧٦١٣٢٢ | ١١٧٦,١٣ | |
| ٢٠١٩ | ١٢٣٠٢٣٣٨ | ١٢٣٠,٢٣ | |
| ٢٠٢٠ | ١٢٨٦٨٢٤٠٧ | ١٢٨٦٨,٢٤ | |
| ٢٠٢١ | ١٣٤٦٠١٧٥ | ١٣٤٦,٠١ | |
| ٢٠٢٢ | ١٤٠٧٩٣٣٦ | ١٤٠٧,٩٣ | |
| ٢٠٢٣ | ١٤٧٢٦٩٨٤ | ١٤٧٢,٦٩ | |
| ٢٠٢٤ | ١٥٤٠٤٤١٦ | ١٥٤٠,٤٤ | |
| ٢٠٢٥ | ١٦١١٣٠١٠ | ١٦١١,٣٠ | |
| ٢٠٢٦ | ١٦٨٥٤٢٠٣ | ١٦٨٥,٤٢ | |
| ٢٠٢٧ | ١٧٦٢٩٤٨٨ | ١٧٦٢,٩٤ | |
| ٢٠٢٨ | ١٨٤٤٠٤٤٦ | ١٨٤٤,٠٤ | |
| ٢٠٢٩ | ١٩٢٨٨٧٠٩ | ١٩٢٨,٨٧ | |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٢٠٣٠ | ٢٠١٧٥٩٨٧ | ٢٠١٧,٥٩ | |
| ٢٠٣١ | ٢١١٠٤٠٧٩ | ٢١١٠,٤٠ | |
| ٢٠٣٢ | ٢٢٠٧٤٨٦٣ | ٢٢٠٧,٤٨ | |
| ٢٠٣٣ | ٢٣٠٩٠٣٠٥ | ٢٠٣٠٩,٠٣ | |
| ٢٠٣٤ | ٢٤١٥٢٤٦٢ | ٢٤١٥,٢٤ | |
| ٢٠٣٥ | ٢٥٢٦٣٤٦٩ م٢ | ٢٥٢٦,٣٤ هێکتار | (٢٨٩٧,٧) هێکتار |

سەرچاوە:* کاری توێژەر بە پشت بەستن بەڕووبەری شاری قەڵادزێ لەساڵی (٢٠٠٩) وە تێکڕای ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوان (٤,٦٪) وە بەپشت بەستن بەخشتەی ژمارە( ٢٦) **حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی وگەشتووگوزار، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلان دانان و شارستانی سلێمانی، سەرۆکایەتی شارەوانی قەڵادزێ، نەخشەی ماستەر پلانی قەڵادزێ بۆساڵی ٢٠٣٥ ، بەپێوەری ( ١:١٠٠٠٠ ) ، ڕووبەری شاری قەڵادزێ بۆ ساڵی ٢٠٣٥ دەرهێنراوە بەم ڕێگایەی لای خوارەوە:

**بەشی تاك× ژمارەی دانیشتوانی پێشبینی کراو لەساڵی** ٢٠٣٥، بڕوانە : محسن عبدالصاحب المظفر، تقنيات البحث المكاني و تحليلاته ، المصدر السابق ، ص٢٢٩.

**لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە گەشەی دانیشتوان تەنها کاری نەکردۆتە سەر زیادبوونی تێکڕای ڕووبەری گشتی شارەکە لەئایندەدا، بەڵکو هەروەها کاری کردۆتە سەر گۆڕانی ڕووبەرو ڕێژەی جۆرەکانی بەکارهێنانی زەوی لەشاری قەڵادزێ ،چونکە بەدڵنیاییەوە ئەو ژمارەیەی دانیشتوان کەزیاد دەکات پێویستیان بەڕووبەرێکی زیاتری (نیشتە جێ بوون و گواستنەوە و سەوزایی وپەروەردەو تەندروستی کارگێری و ئاینی و بازرگانی و پیشەسازی) هەیە بەتێبینی کردن لەخشتەی ژمارە(٢٩)بۆمان دەردەکەوێت کە ڕووبەرو ڕێژەی جۆرەکانی بەکارهێنانی زەوی بەهۆی کاریگەری زیادبوون و گەشەی دانیشتوانەوە گۆڕانیان بەسەر دا هاتووە بەم شێوەیەی لای خوارەوە.**

### ١- نيشتەجێبوون:

ڕووبەری بەکارهێنانی زەوی بۆ نیشتەجێ بوون لە ساڵی( ٢٠٠٩) (٤٣٠,٥٦) هێکتار بووە کەڕێژەی نزیکەی (٥٥%)ی لەکۆی گشتی ڕووبەری بەکارهێنانەکانی زەوی داگیر کردووە،بەڵام ڕووبەری پێویست بۆبواری نیشتەجێبوون لە داهاتوودا بۆ ئەو (١١٣٩٦٢) کەسەی کە زیاددەکات بریتیە لە (٥٠٠) هێکتار، بەم شێوەیە تێکڕای ڕووبەری گشتی نیشتەجێبوون لە ساڵی مەبەست (٢٠٣٥) دەبێتە (٥٦،٩٣٠)هێکتار کە ڕێژەی لە (٥،٤٥% )لە کۆی گشتی ڕووبەری بەکارهێنانەکانی زەوی پێك دەهێنێت، پێویستە بڵێین کەوا بواری نیشتەجێ بوون بە پلەی یەکەم دێت لەڕووی ڕووبەرەوە هەرچەندە ڕووبەرێکی زیاتری بۆ تەرخانکراوە، بەڵام بەراوورد بەپێشوو بەڕێژەی (٣،٩%) کەم دەکات، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ گرنگی دانی زیاتر بەبوارەکانی پەروەردەو تەندروستی لەداهاتوودا، لەڕێگەی دابین کردنی ڕووبەرێکی زیاتر بۆیان، بەجۆرێك پەروەردە بەڕێژەی(٣،٦%)بەرزدەبێتەوە، هەروەها تەندروستی(٢،٣%) زیاددەکات.

### ٢- گواستنەوەو ڕێگاوبان:

سەبارەت بە بەکارهێنانی زەوی بۆبواری گواستنەوەو ڕێگاوبان لەساڵی (٢٠٠٩) دا ڕووبەرەکەی بریتیە لە (١٠،١٣٩) هێکتارەکە ڕێژەی (٧،١٧%)ی پێك هێناوە،لەکاتێکدا لە دوای نیشتەجێ بوون بەپلەی دووەم دێت لەڕووی داگیرکردنی ڕووبەرەوە، بەڵام ڕووبەری پێویست بۆ ڕێگاوبان بەهۆی کاریگەری گەشەکردنی دانیشتوان لە ئاییندەدا بریتیە لە( ٦٣،١٧٠)هێکتار،واتا تێکڕای ڕووبەری بەکارهێنانی زەوی بۆ گواستنەوە لەساڵی(٢٠٣٥) دەبێتە (٧٣،٣٠٩) هێکتار کە ڕێژەی لە(٢،١٥%) لەکۆی ڕووبەری بەکارهێنانی زەوی پێك دەهێنێ. لەگەڵ ئەوەی کە لەداهاتوودا ڕووبەرێکی زیاتر بۆ گواستنەوە تەرخانکراوە، بەڵام بەراوورد بەپێشوتر بەڕێژەی (٥،٢%) کەم دەکات، بەهۆی تەرخانکردنی ڕووبەرێکی زیاتر بۆ بازرگانی وکارگێری لەئاییندەدا، بەشێوەیەك بازرگانی بەڕێژەی (٩،١%) زیاددەکات، وە کارگێریش زیاترلە (٤،١%) بەرزدەبێتەوە ، ئەمەجگە لەوەی کەرتی گەشتووگوزار بەڕێژەی (٨،١%) لەداهاتوودا وەك کەرتێکی تازە دەردەکەوێت.

**٣- پەروەردە:**

ئەگەر ئاماژەیەك بەبەكارهێنانی زەوی بكەین بۆ بواری پەروەردە كە هەریەك لە(باخچەی ساوایان و خوێندنگە و زانكۆ) دەگرێتەوە، بۆمان دەردەكەوێت ڕووبەری تەرخانكراو لەساڵی (٢٠٠٩) بریتیە لە (٤٩،٣٨) هێكتار بەڕێژەی (٥%)، بەڵام ڕووبەری پێویست بۆ بواری پەروەردە لەساڵی ٢٠٣٥ بریتیە لە (٣١،١٩١) هێكتار، بەم جۆرە كۆی گشتی ڕووبەری بەكارهێنان بۆ بواری پەروەردە لەساڵی (٢٠٣٥) دەگاتە (٨٠،٢٢٩) هێكتار كەڕێژەی لە (٢،١١%) لەكـــۆی ڕووبەری گـشتی بەكارهێنـــانەكانی زەوی داگیـــر دەكات وەبـــەراوورد بەپیـــشوو بەڕێـــژەی (٣،٦%) زیاددەكات ،بەهۆی گرنگی دانی زیاتر بەبواری پەروەردەو خوێنددنی باڵا.

**٤- تەندروستی :**

ڕووبەری تەندروستی لەساڵی (٢٠٠٩) (٩٩،١٢) هێكتار، كەڕێژە (٧،١%)، لەكۆی ڕووبەری بەكارهێنان پێك هێناوە، بەڵام ڕووبەری پێویست لە ئایندەدا بۆبواری تەندروستی بریتیەلە (٥٠،٦٩) هێكتار، بەم شێوەیە تێكڕای ڕووبەری كەرتی تەندروستی لەداهاتوودا بەرزدەبێتەوە بۆ(٥،٨٢) هێكتار كەڕێژەی (٤%) لەكۆی ڕووبەری بەكارهێنانەكانی زەوی لەشاردا داگیر دەكات بەراوورد بەپێشوو ڕێژەی (٤،٢%) زیاد دەكات، بەهۆی دابینكردنی ڕووبەرێكی زیاتر بۆ بواری تەندروستی و گرنگی دانی زیاتر بەم بوارە.

**٥- سەوزایی ودارستان:**

ڕووبەری سەوزایی لەساڵی( ٢٠٠٩) بریتیە لە (٨٨،٤٤) هێكتار بەڕێژەی نزیكەی (٦%)، بەڵام ڕووبەری پێویست بۆبواری سەوزای لەداهاتوودا بریتیەلە(٠٣،١٠٩) هێكتار، واتا تێكڕای ڕووبەری گشتی لەساڵی (٢٠٣٥) دەگاتە (٩١،١٥٣) هێكتار كەڕێژەی لە(٥،٧%) لەكۆی ڕووبەری بەكارهێنانی زەوی پێك دەهێنێت، هەروەها بەراوورد بەپێشوو بەڕێژەی (١، ٨%) بەرز دەبێتەوە بەهۆی دروست كرنی پارك و ناوچەی سەوزایی زیاتر لەداهاتوودا.

**خشتەی ژمارە ( ٢٩ )**

**ڕووبەرو ڕێژەی جۆرەکانی بەکارهێنانی زەوی شاری قەڵادزێ**

**لە ساڵی ( ٢٠٠٩ ) ، ( ٢٠٣٥ ) دا.**

| | ساڵی ٢٠٠٩ | | ساڵی ٢٠٣٥ | | |
|---|---|---|---|---|---|
| جۆرەکانی بەکارهێنانی زەوی | تێکڕای ڕووبەری قەڵادزێ لەساڵی ٢٠٠٩ ( هێکتار ) | ڕێژە ٪ | ڕووبەری پێویست بۆ ساڵی ٢٠٣٥( هێکتار ) | تێکڕای ڕووبەری قەڵادزێ لەساڵی ٢٠٣٥دا ( هێکتار ) | ڕێژە ٪ |
| نیشتەجێ بوون | ٥٦،٤٣٠ | ٥٤,٨٧ | ٥٠٠ | ٩٣٠,٥٦ | ٤٥,٥٣ |
| ڕێگاو بان | ١٠،١٣٩ | ١٧,٧٣ | ١٧٠,٦٣ | ٣٠٩,٧٣ | ١٥,٢٠ |
| پەروەردە | ٤٩،٣٨ | ٤,٩ | ١٩١,٣١ | ٢٢٩,٨٠ | ١١,٢٤ |
| تەندروستی | ١٢,٩٩ | ١,٦٦ | ٦٩,٥٠ | ٨٢,٥٠ | ٤,٠٣ |
| بازرگانی | ١٢,٦٩ | ١,٦٢ | ٥٨,٥٥ | ٧١,٤٢ | ٣,٥٠ |
| کارگێڕی | ١٥,٣٣ | ١,٩٥ | ٥٤,٦٦ | ٦٩,٩٩ | ٣,٤٢ |
| سەوزایی و دارستان | ٤٤,٨٨ | ٥,٧٢ | ١٠٩,٠٣ | ١٥٣,٩١ | ٧,٥٣ |
| پیشەسازی | ١٦,٤٠ | ٢,٠٩ | ٢٨,٧٥ | ٤٥,١٥ | ٢,٢٠ |
| ئاینی | ٤,٣٧ | ٠,٥٦ | ٤,٣٧ | ٨,٧٤ | ٠,٤٢ |
| گەشت و گوزار | – | – | ٢٥ | ٢٥ | ١,٢٢ |
| ئەوانی تر | ٦٩،٨٠ | ٨,٩ | ٤٧ | ١١٦,٨٠ | ٥,٧١ |
| ڕووبەری بەکارهاتوو | ٧٨٤,٦ | ١٠٠ | – | ٦،٢٠٤٣ | ١٠٠ |
| ڕووبەری | ١،٨٥٤ | – | – | ١،٨٥٤ | – |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | **بەتالآیی** |
| | ٧،٢٨٩٧ | ١٢٥٨,٨ | | ٧،١٦٣٨ | **کۆی گشتی ڕووبەری شار** |

سەرچاوە:

١- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار،وەزارەتی پلان دانان و ئاوەدانکردنەوە، سەرۆکایەتی شارەوانی قەڵادزێ، نەخشەی بنەڕەتی شاری قەڵادزێ ، ساڵی ٢٠٠٩ ،بەپێوەری (١: ٤٠٠٠ ) .

٢-حکومەتی هەرێمی کوردستان،وەزارەتی شارەوانی وگەشت وگوزار، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلان دانانی شارستانی سلێمانی، سەرۆکایەتی شارەوانی قەڵادزێ، نەخشەی ماستەر پلانی شاری قەڵادزێ ، ساڵی ٢٠٣٥ بەپێوەری ( ١ : ١٠٠٠٠ ).

## ٦- بازرگانی:

ئەگەر تیشك بخەینە سەر ڕووبەری تەرخانکراو بۆ بواری بازرگانی بەتێبینی کردن لەخشتەی ژمارە (٢٩)ی پێشوو بۆمان دەردەکەوێت لە ساڵی (٢٠٠٩) ڕووبەرەکەی(٦٩،١٢) هێکتارە بەڕێژەی نزیکەی(٧،١٪) ،بەڵام ڕووبەری پێویست بۆ ئەم بوارە لە ساڵی (٢٠٣٥) بریتیە لە (٥٥،٥٨) هێکتارە، بەم جۆرە تێکڕای ڕووبەری گشتی بۆ بواری بازرگانی لە داهاتوودا دەگاتە (٤٢،٧١) هێکتار بەڕێژەی لە(٥،٣٪)، لەهەمانکاتدا بەراوورد بەپێشوو بەڕێژەی (٢٪) زیاددەکات، چونکە شوێنی جوگرافی قەڵادزێ لەناوچەیەکی سنووری دا هەڵکەوتووە ئەمەش یارمەتی دەربووە بۆ ئەوەی لەداهاتوودا ، لەڕێگەی ماستەر پلانەکەوە گرنگی زیاتر بە بواری بازرگانی بدرێت لەشارەکەدا.

## ٧- کارگێڕی:

ڕووبەری تەرخانکراو بۆ بواری کارگێڕی لەساڵی(٢٠٠٩) (٣٣،١٥)هێکتارە بەڕێژەی (٢٪) ،بەڵام ڕووبەری پێویست بۆساڵی (٢٠٣٥) (٦٦،٥٤) هێکتارە ،بەم شێوەیە تێکڕای ڕووبەری گشتی کارگێڕی لەئاییندەدا دەگاتە (٩٩،٦٩)هێکتار

بەڕێژەی لە(٣،٤٤٪) لەکۆی ڕووبەری بەکارهێنانەکانی زەوی لەشارەکەدا وە بەراوورد بەپێشوو بەڕێژەی (٤٤،١٪) بەرزدەبێتەوە، بەهۆی دابین کردنی ڕووبەرێکی زیاتر بۆ دامودەزگانی حکومەت .

**٨- پیشەسازی :**

کەرتی پیشەسازی لەساڵی ( ٢٠٠٩) ڕووبەرەکەی بریتیە لە (٤٠،١٦)هێکتار بە ڕێژەی (٢٪)، بەڵام ڕووبەری پێویستمان بۆ بواری پیشەسازی لەداهاتوو بریتیە لە (٧٥،٢٨) هێکتار کەڕێژەی لە(٢،٢٪) پێك دەهێنێت، بەم شێوەیە تێکڕای ڕووبەری پیشەسازی لەئاییندەدا دەگاتە( ١٥،٤٥) هێکتار، کەرتی پیشەسازی بەراوورد بە پێشوو توانیویەتی پارێزگاری لە ڕێژەکەی خۆی بکات .

**٩- ئاینی :**

ڕووبەری بەکارهێنان بۆ بواری ئاینی لە ساڵی (٢٠٠٩) بریتیە لە (٣٧،٤)هێکتار بەڕێژەی لە(٦،٠٪)، بەڵام ڕووبەری پێویستمان بۆ ئەم بوارە لەداهاتوودا بریتیە لە(٣٧،٤) هێکتار، بەم شێوەیە تێکڕای ڕووبەری گشتی بواری ئاینی لە ئاییندەدا دەگاتە (٧٤،٨) هێکتار بەڕێژەی لە( ٤٤،٠٪) .

١٠- کەرتی گەشت و گوزار لە ساڵی ٢٠٠٩ هیچ ڕووبەرێکی بۆ تەرخان نەکراوە،بەڵام لە ساڵی(٢٠٣٥) دا بواری گەشت و گوزار ڕووبەری (٢٥) هێکتاری بۆ دابین دەکرێت بە ڕێژەی لە (٢،١٪ ) لە سەرجەمی بەکارهێنانەکانی زەوی لە شاری قەڵادزێ دا، ئەمەش بەهۆی گرنگی دانی زیاتر بەبواری گەشتووگوزاری لەڕێگەی کردنەوەی ئۆتێلو شوێنی گەشتیاری لەشارەکەدا.

**١١- ئەوانی تر :**

ڕووبەری تەرخانکراو بۆ جۆرەکانی تری بەکارهێنان لە شاری قەڵادزێ لە ساڵی(٢٠٠٩) بریتیە لە(٨٠،٦٩ ) هێکتار بەڕێژەی (٩٪)، بەڵام ئەم ڕووبەرە گۆڕانی بەسەردا دێت بەشێوەیەك ڕووبەری پێویست بۆداهاتوو(٤٧) هێکتارە، بەم جۆرە تێکڕای ڕووبەری گشتی بۆ جۆرەکانی تری بەکارهێنانی زەوی لە ساڵی (٢٠٣٥) دەگاتە (٨٠،١١٦) هێکتار بەڕێژەی نزیکەی (٦٪) لەکۆی گشتیی

ڕووبەری بەکارهێنانەکان لەشاری قەڵادزێ، لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە گەشەکردن و زۆربوونی ژمارەی دانیشتوانی ناوچەی لێکۆڵینەوە لە(٦١٠٣٨) کەسەوە لە ساڵی ٢٠٠٩ بۆ (١٧٥٠٠٠) کەس لەساڵی2035 دا کاریگەری کردۆتە سەر گۆڕانی ڕووبەرو ڕێژەی جۆرەکانی بەکارهێنانی زەوی لەشارەکەدا.

ئەگەر تیشك بخەینە سەر ئاڕاستەکانی فراوانبوونی شاری قەڵادزێ و کاریگەری ئەم فراوانبوونە لەسەر مۆرفۆلۆجی شارەکە، کەمەبەستمان شێوەی شارەکەیە بەوردبونەوە لەنەخشەی ژمـارە(١٢) بۆمان دەردەکەوێت ناوچەی لێکۆڵینەوە لەداهاتوودا بەچەند ئاڕاستەیەکی جیاواز فراوان دەبێت. بەم شێوەیەی لای خوارەوە:

## یەکەم : ئــاراستەی ڕۆژئــاوا:

شاری قەڵادزێ لە داهاتوودا بەپلەی یەکەم بەئاڕاستەی ڕۆژئاوا فراوان دەبێت، بێگومان فراوان بوونی شارەکە لە ئایندەدا بەو ئاڕاستەیە بێ هۆکار نیە، بەڵکو چەند پاڵنەرو هۆکارێکی لە پشتەوەیە کە بریتین لە مانەی خوارەوە :

١- فراوانبوونی قەڵادزێ بەئاڕاستەی ڕۆژئاوا دەورێکی گرنگ و کاریگەر دەبینێ لەڕاگرتنی هاوسەنگی گەورەبوونی شارەکە،چونکەبەدرێژایی قۆناغە مۆرفۆلۆجیەکانی فراوانبوون جگە لەقۆناغی کۆتایی شارەکە بەهۆی بەربەستە سروشتی ومرۆییەکانەوە نەیتوانیوە بەئاڕاستەی ڕۆژئاوا فراوان بێت، هەربۆیە فراوانبون بەرەو ڕۆژئاوا یارمەتی دەرە بۆئەوەی دووری بەشەکانی شار لەسەنتەری شارەوە تارادەیەك لەیەکترەوە نزیك بێت.

٢- یارمەتی پاراستنی زەویە کشتوکاڵیەکان و سەرچاوە سروشتیەکان دەدات، چونکە زەویە کشتوکاڵیەکان و سەرچاوە سروشتیەکان ناکەونە بەشی ڕۆژئاوای شارەکە ،ئەمەش هۆکارێکە بۆپاراستنی ئابووری ناوچەی لێکۆڵینەوە.

٣- یارمەتیی کەم کردنەوەی تێچوونی ژێرخانی ئابووری گواستنەوە دەدات، لەبەرئەوەی بەشی ڕۆژئاوای قەڵادزێ دەکەوێتە سەر ڕێگای دووسایدی( قەڵادزێ – ڕانیە ).

**دووەم : ئــاراستەی ڕۆژهــەڵات :**

فراوانبوونی شاری قەڵادزێ بە ئاراستەی ڕۆژهەڵات زۆر لاوازو کەمە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ چەند خاڵێك :

١- فراوانبوونی قەڵادزێ بەئاراستەی ڕۆژهەڵات دەبێتە هۆی تێکچوونی هاوسەنگی گەورەبوونی شارەکە، چونکە ناوچەی لێکۆڵینەوە بەدرێژایی قۆناغە مۆرفۆلۆجیەکان زیاتر بەئاراستەی ڕۆژهەڵات فراوان بووە، لەبەر ئەوە ئەگەر فراوانبوون بەئاراستەی ڕۆژهەڵات بەردەوام بێت ئەوا شارەکە لاسەنگ دەبێت .

٢- دەبێتە هۆی لە ناوچوون و داگیرکردنی زۆربەی گوند و زەویە کشتوکاڵیەکان ، لەبەرئەوە زەویە کشتوکاڵیەکان و باخچە و دارستان و گوندەکانی ڕۆژهەڵاتی قەڵادزێ دەکەونە بەر مەترسی لەناوچوون کە ئەمانەش بە شادەماری بەشێك لە ئابووری شاری قەڵادزێ دادەنرێن.

٣- تێچوونی ئابووری بۆ بەرەو پێشچوونی سەردەمیانەی شارەکە لەداهاتوودا بەرز دەکاتەوە، چونکە سروشتی تۆبۆگرافی و بوونی بەرزونزمی لەبەشی ڕۆژهەڵات بۆتە هۆکارێك کە گەیاندنی خزمەتگوزاریە جۆراوجۆرەکان گران بێت ئەمە لەلایەك ، لەلایەکی ترەوە بەهۆی لەناوچوونی گوندو زەویە کشتوکاڵیەکان دەبێت قەرەبووی مادیی دانیشتوانی ڕۆژهەڵاتی شارەکە بکرێت[٦] .

**سێ یەم : ئاراستەی باکوورو باشوور :**

لە ڕاستیدا ناوچەی لێکۆڵینەوە بەهەردووك ئاراستەی باکوورو باشوور فراوان دەبێت، بێگومان فراوانبوونی شارەکە بەم دوو ئاراستەیە دەرئەنجامی چەند هۆکارێکە:

١- فراوانبوون بەم دووئاراستەیە ڕۆڵ دەبینێ لە پاراستنی زەویە کشتوکاڵیەکانی بەشی ڕۆژهەڵاتی شار و سەرچاوە سروشتیەکان.

---

[٦] حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق، وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلان دانانی شارستانی سلێمانی، سەرۆکایەتی شارەوانی قەلادزێ، ماستەرپلان قەلادزێ سالی٢٠٣٥، قۆناغی (iv) ڕاپۆرتی پرۆژەی ئامادەکراو بۆ دیاریکردنی ئاراستەکانی فراوانبوونی شاری قەلادزێ، ل٢٨-٣٦.

٢- دەبێتە هۆی پاراستنی دەشتی نێوان دۆڵەکان، هەروەها گونجاوی باری تۆبۆگرافی ئەم دوو ئاڕاستەیە و نەبوونی هیچ بەربەستێکی سروشتی ومرۆیی وەتەختی زەویەکەی یارمەتی ئاسانی جێبەجێ کردنی نیشتەجێ بوون و ئەنجام دانی پرۆژە خزمەتگوزاریە جۆراو جۆرەکانی شار دەدات، بەڵام لایەنی خراپی گەورەبوون وگەشەکردنی شار بە ئاڕاستەی باکورو باشوور بریتیەلە بەرزبوونەوەیەکی زۆری تێچوونەکانی ژێرخانی ئابووری گواستنەوە، ئەمەش هۆکارێکە بۆ ئەوەی بەرەو پێش چوون و گەشەکردنی سەنتەرە شارنشینەکان زۆری تێ بچێت.

**چوارەم / باشووری رۆژئاوا :**

شاری قەڵادزێ لە ئایندەدا دەتوانێت بە ئاڕاستەی باشووری رۆژئاوا فراوان بێت پاڵپشت بە چەند هۆکارێك :

١-یارمەتی دابەشبوون وبەرەوپێشەوە چونێکی یەکسان دەدات لەپرۆژەکانی شارەوانیدا ،واتا فراوانبون بەئاڕاستەی باشووری رۆژئاوا شیاو دەبێت لەگەڵ ئەو بەرنامەو پرۆژانەی کە شارەوانی و لایەنی پەیوەندی دار لەداهاتوودا ئەنجام یان دەدات.

٢- فراوانبوون بەم ئاڕاستەیە هۆکارێکە بۆپاراستنی ناوچە سەوزایەکانی شار .

٣-ئەم ئاڕاستەیە ناوچەکانی نیشتەجێ بوون و ناوچە تازە گەشە سەندوەکان وپرۆژەکانی شارەوانی لەخۆ دەگرێت کە ئەمانە هۆکارن بۆ ئەوەی شارەکە لە ئایندەدا بەرەو ئەو ئاڕاستەیە ڕابکێشرێت و فراوان ببێت[٧].

بێگومان ئەم گۆڕانکاری وفراوانبوونەی کە لەڕووبەرو ئاڕاستەکانی فراوانبوونی شارەکەدا ڕوودەدات کاریگەری دەکاتە سەر گۆڕانی مۆرفۆلۆجی شارەکە ،ئەگەر ئاماژەیەك بەشێوەی مۆرفۆلۆجی شاریقەڵادزێ بکەین بەسەیرکردنی نەخشەی ژمارە(١٢)بۆمان دەردەکەوێت شێوەی شارەکە گۆڕانی

---

[٧] هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا٣٠-٣٤.

بەسەردا دێت ئەمەش بەهۆی فراوانبوونی قەڵادزێ بەهەرچوار دەوری خۆیداوبەچەندین ئاڕاستەی جیاواز وەك لەئاڕاستەكانی فراوانبووندا ڕوونمان كردەوە، بەم شێوەیە شاری قەڵادزێ لەشێوە ئەستێرەیە كەیەوە لەساڵی ٢٠٠٩ دەگۆڕێت بۆشێوەیەكی بازنەیی لەساڵی(٢٠٣٥)، لەهەمان كاتدا بەگوێرەی ماستەر پلانەكە ناوچەی لێكۆڵینەوە بەهۆی شوێنە جوگرافیەكەیەوە كە هاوسنوورە لەگەڵ وولاتی ئێران وە گونجاوی خەسڵەتە سروشتی و مرۆییەكانی لەگەڵ گرنگی دانی زیاتر بەبواری پەروەردە و خوێندنی باڵا لەئێستادا هۆكارن بۆئەوەی  شاری قەڵادزێ لەئایندەدا زیاتر وەك شارێكی بازرگانی و گەشت و گوزاری وپەروەردەی بناسرێت.

ئەگەر ئاماژەیەك بەهەڵسەنگاندنی ئاڕاستەكانی فراوانبوونی شارەكە بكەین لەئایندەدا وەك لەماستەر پلانەكەدا ڕوون كراوەتەوە بەتێبینی كردن لە خشتەی ژمارە (٣٠) بۆمان دەردەكەوێت كە ئاڕاستەی ڕۆژئاوا باشترین ئاڕاستەیە بۆ فراوانبوون، چونكە بەپلەی یەكەم دێت لەڕاگرتنی هاوسەنگی گەورەبوونی شارو وپاراستنی سەرچاوە سروشتیەكان و گەشەكردنی ژیان وگوزەرانی دانیشتوان، بەجۆرێك كە توانیویەتی بەرزترین خاڵ كۆبكاتەوە كە(١٦)خاڵە.

بەپلەی دووەم هەردووك ئاڕاستەی باكوورو باشوور دێت، چونكە ئەم دوو ئاڕاستەیەش بەهەمان شێوەی ئاڕاستەی ڕۆژئاوا یارمەتی پاراستنی سەرچاوە سروشتیەكان و زەویە كشتوكاڵیەكان و هاوسەنگی گەورەبوونی شار دەدەن،بەم شێوەیە ئەم دوو ئاڕاستەیەش (باكوورو باشوور) لەدوای ئاڕاستەی ڕۆژئاوا توانیویانە (١٣) خاڵ بەدەست بهێنن، بەپلەی سێ یەم ئاڕاستەی ڕۆژهەلات دێت، چونكە ئەم ئاڕاستەیە یارمەتی دەر نیە لەڕاگرتنی پاراستنی هاوسەنگی گەورەبوونی شارو پاراستنی سەرچاوە سروشتیەكان لەهەمانكاتدا ژیان وگوزەرانی هاووڵاتیانی پێ باشتر نابێت، چونكە زەویە كشتوكاڵیەكانی بەشی ڕۆژهەڵاتی قەڵادزێ ڕووبەڕووی لەناوچوون دەكاتەوە هەربۆیە كۆی گشتی خاڵەكانی تەنها(١٠)خاڵە،كەواتا بۆمان دەردەكەوێت كەئاڕاستەی ڕۆژئاوا باشترین ئاڕاستەیە بۆ فراوانبوون لەئایندەدا.

## خشتەی ژمارە ( ٣٠ )

## هەڵسەنگاندنی ئاڕاستەکانی فراوانبوونی شاری قەلادزێ لە ئایندەدا لە ساڵی ( ٢٠٣٥ ) بەگوێرەی ماستەرپلان.

| تایبەتمەندییەکانی ئاڕاستەکانی فراوانبوون | ئاڕاستەی باکوور وباشوور | ئاڕاستەی رۆژهەڵات | ئاڕاستەی رۆژئاوا |
|---|---|---|---|
| ڕاگرتنی هاوسەنگی گەورەبوونی شار | ** | * | *** |
| پاراستنی زەویە کشتوکاڵیەکان | *** | * | ** |
| پاراستنی سەرچاوە سروشتی یەکان | *** | *** | *** |
| تێچوونی ژێرخانی ئابووری گواستنەوە | * | *** | ** |
| تێچونی گشتی گەورەبوونی شار | ** | * | *** |
| گەشەکردنی ژیان و گوزەرانی خەڵك | ** | * | *** |
| کۆی گشتی خاڵەکان | ١٣ | ١٠ | ١٦ |

سەرچاوە:

حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلان دانانی شارستانی سلێمانی، شارەوانی قەلادزێ، ڕاپۆرتی ئامادەکراوی ماستەرپلانی قەلادزێ تایبەت بەدیاریکردن و هەڵسەنگاندنی ئاڕاستەکانی فراوانبوونی شاری قەلادزێ لەداهاتوودا.

*** بەرزترین پلە.

** مام ناوەندترین پلە.

* نزمترین پلە.

تێبینی: تاکو ژمارەی خاڵەکان زۆرتربێت مانای وایە ئەو ئاڕاستەیە لەڕووی تایبەتمەندیەکانیەوە باشترینیانە ، وەك لەخشتەکەدا ڕوونکراوەتەوە .




سەرچاوە:

١- حکومەتی هەرێمی کوردستان ، وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار بەڕێوبەرایەتی گشتی نەخشەدانان و ئاوەدانکردنەوە، شارەوانی قەڵادزێ، نەخشەی بنەڕەتی شاری قەڵادزێ، بۆ ساڵی ٢٠٠٩، بە پێوەری ١ : ٤٠٠٠ .

٢- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلان دانانی شارستانی سلێمانی، شارەوانی قەڵادزێ ، نەخشەی ماستەر پلانی شاری قەڵادزێ دانراو بۆ ٢٠٣٥ ، بە پێوەری ١ : ١٠٠٠٠.

## شی کردنەوەو بەراووردێك لەنێوان ئەنجامی ماستەرپلان و توێژینەوەکە :

دوای خستنە ڕووی ئایندەی گەشەی دانیشتوان و ڕووبەری گشتی شارو ڕێژەی جۆرەکانی بەکارهێنانی زەوی بەگوێرەی ئەنجامەکانی هەریەك لە(ماستەرپلانەکە) و (توێژینەوەکە) بەپێویست وگرنگی دەزانین کەوا (گەشەی دانیشتوان، ڕووبەری گشتی شاری قەڵادزێ ، ڕێژەی هەریەك لەجۆرەکانی بەکارهێنانی زەوی) ناوچەی لێکۆڵینەوە، بەراوورد بکەین لەگەڵ (گەشەی دانیشتوان وتێکڕای ڕووبەری گشتی و ڕێژەی هەریەك لەجۆرەکانی بەکارهێنانی زەوی) تا ساڵی(٢٠٣٥) کەتوێژینەوەکە لەدیدوبۆچونێکی جوگرافیاو وەلەڕێگەی بەکارهێنان و بەپشت بەستن بە هاوکێشەو بنەمازانستیەکان توانیویەتی پێشبینیان بۆبکات. گرنگی ئەم بەراووردکاریە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە توێژینەوەکە دەتوانێت بۆی دەربکەوێت کەئایە ماستەر پلانی شارەکە تاچەند توانیویەتی ئامانج و پێداویستیەکانی داهاتووی شاری قەڵادزێ دەستەبەر بکات، ئەتوانین جۆری بەراوورد کاریەکە ئەنجام بدەین لەم ڕوانگانەی لای خوارەوە :

### ١- لە ڕووی ژمارەی دانیشتوانەوە :

بەگوێرەی ماستەر پلانی شارەکە وەك لەخشتەی ژمارە(٢٧)ی باسی یەکەمدا ڕوونمان کردەوە، ژمارەی دانیشتوانی شاری قەڵادزێ لەماوەی نێوان ساڵانی (٢٠٠٩ - ٢٠٣٥) لە (٦١٠٣٨) کەسەوە دەگاتە (١٧٥٠٠٠ )کەس ،بەڵام بەگوێرەی توێژینەوەکە کەپشتی بەستووە بەڕێژەی گەشەی ساڵانەی ماوەی نێوان (٢٠٠٢-٢٠٠٩) کە ڕێژەی (٦،٤٪)وە لەڕێگەی بەکارهێنانی داشکاندنی دانیشتوان، ژمارەی دانیشتوانی ناوچەی لێکۆڵینەوە تاساڵی ٢٠٣٥ دەگاتە (١٩٦٥٢٦) کەس، واتا جیاوازی لە نێوان ژمارەی دانیشتوانی شاری قەڵادزێ بەگوێرەی ماستەر پلانەکە لەگەڵ ئەو ژمارە دانیشتوانەی کەتوێژینەوەکە دەریهێناوە بریتیە لە (٢١٥٢٦ )کەس، بەڵام بەراوورد بەتێکڕای گەشەی ساڵانەی عێراقی کە ڕێژەکەی (٣٪) ژمارەی دانیشتوانی قەڵادزێ (١٣١٦٣٢) کەسە، واتا شاری قەڵادزێ بەگوێرەی ماستەرپلانەکە (٤٣٣٦٨)کەسی زیاترە.

کەواتا دەتوانین بڵێین بەهۆی بەرزی ڕێژەی گەشەی دانیشتوانی ناوچەی لێکۆڵینەوە، هەروەها پاڵپشت بەو هۆکارانەی کەیارمەتی دەرن بۆبەرزی ڕێژەی گەشەی دانیشتوانی قەڵادزێ وەك لەباسی یەکەمی ئایندەی دانیشتوانی شاری قەڵادزێ ڕوونمان کردەوە،توێژینەوەکە پێی وایە ئەگەر ئاراستەی گەشەی دانیشتوان تا (٢٦) ساڵی داهاتوو بەم ڕێژە بەرزەی سەرەوە بەردەوام بێت ئەوا بێگومان ژمارەی دانیشتوان شاری قەڵادزێ لەئایندەدا زیاتر دەبێت لەو ژمارەیەی کە ماستەر پلانەکە ئاماژەی پێداوە، بەڵام لەڕاستی دا پێمان وایە ئەم گەشەکردنە بۆداهاتوو بەم ڕێژەیە بەردەوام نابێت، چونکە خێزانەکان لەئێستا بەهۆی بەرزبوونەوەی ئاستی ڕۆشنبیریان هەوڵ دەدەن بۆکەمکردنەوەی لەدایکبوون وەدروست کردنی خێزانی قەبارە بچووك، بەڵگەش بۆئەمە کەمبوونەوەی ڕێژەی لەدایك بوونە لەماوەی ساڵانی(٢٠٠٠- ٢٠٠٩) بەراوورد بە ساڵانی پێشوو وەك لە بابەتی گەشەی دانیشتوان تیشکمان خستە سەر، لەبەرئەوە پێم وایە ئەو ژمارەیەی کەماستەرپلانەکە بۆدانیشتوانی قەڵادزێ دیاری کردووە تارادەیەك لە ڕاستیەوە نزیکە.

**٢- لە ڕووی ڕووبەرەوە:**

ئەگەر بەراوردێك بکەین لە نێوان تێکڕای ڕووبەری گشتی شاری قەڵادزێ بەگوێرەی نەخشەی ماستەر پلانەکە لەگەڵ ئەو ڕووبەری کە توێژینەوەکە بەپشت بەستن بەیاسای بەشی تاك لەڕووبەری شار وبنەما هاوکێشەو ڕێگا زانستیەکان دەریهێناوە جیاوازی هەیە بەم شێوەی لای خوارەوە:

بەسەرنج دان لەخشتەی ژمارە(٢٨)ی پێشوو بۆمان دەردەکەوێت تێکڕای ڕووبەری گشتی شارەکە بەگوێرەی ماستەر پلانەکە دەگاتە (٧،٢٨٩٧) هێکتار، وە ڕووبەری پێویست بۆئایندە بریتیە لە(٨،١٢٥٨) هێکتارە، (خشتەی ژمارە(٢٩) بەڵام بەگوێرەی توێژینەوەکە وەلەڕێگەی پەیڕەوکردنی یاسای بەشی تاك کە بەرکەوتەی هەرتاکێك لەڕووبەری شاری قەڵادزێ بریتیە لە (٥،١٢٨)م٢، دەکرێت بڵێین ئەم ڕووبەرەی کەبۆتاکێك دیاریکراوە تارادەیەك لەڕاستیەوە نزیکە ،چونکە بەپێی پێوەری گشتی جیهانی دیاریکردنی تێکڕای

بەشی تاك لەڕووبەری شار بریتیە لە( ١٠٠)م٢[٨]، لەکاتێکدا بەشی تاك لەڕووبەری شار لەوولاتی عێراق دەگاتە (١٠٢)م٢[٩] بەم شێوەیە بۆمان دەردەکەوێت تێکڕای ڕووبەری گشتی شاری قەڵادزێ لەئایندەدا لە ساڵی ٢٠٣٥ بەگوێرەی توێژینەوەکە دەگاتە لە(٣،٢٥٢٦) هێکتار، واتا ڕووبەری پێویست بۆ ئایندە (١٧٤١) هێکتارە(خشتەی ژمارە(٣١)) .لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کەجیاوازی لەنێوان ڕووبەری شارەکە بەگوێرەی ماستەر پلانەکە لەگەڵ ئەو ڕووبەری کە توێژینەوەکە پێی گەیشتووە بریتیە لە(٣،٣٧١) هێکتار، ئەمەش جیاوازیەکی کەمە بۆدیاریکردنی ڕووبەری شاری قەڵادزێ بۆ ئەو ماوە درێژە کە (٢٦) ساڵی داهاتووە، کەواتا ئەتوانین بڵێین ماستەر پلانەکە لەڕووی دابین کردنی ڕووبەری پێویست بۆ ئایندە ئەتوانێت ئامانج و پێداویستیەکانی دانیشتوانی شارەکە دەستەبەربکات.

### ٣- لە ڕووی جۆرەکانی بەکارهێنانی زەویەوە:

ئەگەر بەراوردێك بکەین لەنێوان ڕووبەرو ڕێژەی جۆرەکانی بەکارهێنانی زەوی بەگوێرەی ماستەر پلانەکە لەگەڵ ڕووبەرو ڕێژەی بەکارهێنانی زەوی کە توێژینەوەکە بەپشت بەستن بە یاسای بەشی تاك دەریهێناوە ئەبینین جیاوازیان هەیە بەم شێوەی لای خوارەوە:

بەگوێرەی ماستەر پلانەکە بەکارهێنانی زەوی بۆ نیشتەجێ بوون ڕێژەی لە (٥،٤٥٪) پێك دەهێنێت وە ڕێگاوبان لە (٢،١٥٪) پەروەردە لە(٣،١١٪) تەندروستی (٤٪) بازرگانی لە (٥،٣٪) کارگێڕی لە (٥،٣٪) سەوزایی لە(٥،٧٪) پیشەسازی لە (٢،٢٪) ئاینی لە(٤،٠٪) گەشت و گوزار لە(٢،١٪) ئەوانی تر(٧،٥٪)بڕوانە خشتەی ژمارە(٢٩)ی پێشوو، بەڵام

---

[٨] عبد الحكيم ثامر العشاوي، مدينة صنعاء وتركيبها الداخلي و علاقاتها الاقليمية، اطروحة دكتوراه، كلية الاداب، جامعة بغداد، بغداد، ١٩٩٦، ص ٢٤٨.

[٩] يونس هندى عليوى الدليمى، التغير السكانى و اثره في التوسع العمرانى لمدينة الرمادى، (١٩٧٧-٢٠٠١)، المصدر السابق، ص١١٢.

**بەگوێرەی توێژینەوەکە نیشتەجێ بوون(٥٥٪) لەکۆی گشتی ڕووبەری بەکارهێنانەکان داگیردەکات، ڕێگاوبان(٧،١٧٪) پەروەردە (٩،٤٪) تەندروستی (٦،١٪) بازرگانی لە(٦،١٪) کارگێڕی (٩،١٪)سەوزایی (٨،٥٪) پیشەسازی لە(١،٢٪ ) ئاینی لە (٥،٠٪) ئەوانی تر (٩،٨٪)، هۆکار بەرزی ڕێژەی نیشتەجێ بوون و ڕێگاوبان و پەروەردەو تەندروستی لەتوێژینەوەکەدا بەراوورد بەماستەر پلانەکە دەگەڕێتەوە بۆئەوەی شاری قەلاّدزێ بەگوێرەیئەنجامی توێژینەوەکە لەداهاتوودا ڕووبەرەکەی فراوانترە ئەمەش بواری ڕەخساندوە بۆتەرخانکردنی ڕووبەری زیاتر( خشتەی ژمارە (٣١))**

## خشتەی ژمارە ( ٣١ )

## فراوانبوونی ڕووبەری داهاتووی شاری قەڵادزێ هەتاساڵی ٢٠٣٥ بە گوێرەی بەکارهێنانەکانی زەوی وتێکڕای گەشەی ساڵانەی دانیشتوان ( ٤,٦٪ )

| جۆری بەکارهێنان | ڕووبـــەری بەکارهێنان لەساڵی ٢٠٠٩ بە (هێکتار) | ٪ | بەشی تاک لە بەکارهێنان م٢ | ڕووبەری بەکارهێنان لە ساڵی ٢٠٢٥ (هێکتار) تێکرا گەشەی (٤,٦٪) | ٪ | ڕووبەری پێویست لە ساڵی ٢٠٢٥ (هێکتار) (المساحة المطلوبة) |
|---|---|---|---|---|---|---|
| نیشتەجێ بوون | ٥٦.٤٣٠ | ٥٤,٨٧ | ٧٠,٥٤ | ١٣٨٦ | ٥٥ | ٤٤.٩٥٥ |
| ڕێگاوبان | ١٠.١٣٩ | ١٧,٧٢ | ٢٢,٨٧ | ٤٠.٤٤٩ | ١٧,٧٢ | ٣٠.٣١٠ |
| پەروەردە | ٤٩.٢٨ | ٤,٩٠ | ٦,٣٠ | ٨٠.١٢٣ | ٤,٨٨ | ٣٠.٨٥ |
| تەندروستی | ٩٩.١٢ | ١,٦٦ | ٢,١٢ | ٦٠.٤١ | ١,٦٢ | ٦٠.٢٨ |
| بازرگانی | ٦٩.١٢ | ١,٦٢ | ٢ | ٣٠.٢٩ | ١,٥٨ | ٦٠.٢٦ |
| کارگێڕی | ٢٢.١٥ | ١,٩٥ | ٢,٥١ | ٣٢.٤٩ | ١,٩٤ | ٩٩.٣٢ |
| سەوزایی | ٨٨.٤٤ | ٥,٧٢ | ٧,٤٠ | ٤٠.١٤٥ | ٥,٧٥ | ٥٠.١٠٠ |
| پیشەسازی | ٤٠.١٦ | ٢,٠٩ | ٢,٧٠ | ٥٢ | ٢,١١ | ٦٠.٣٦ |
| ئاینی | ٣٧.٤ | ٠,٥٦ | ٠,٧١ | ٩.١٣ | ٠,٥١ | ٥٠.٩ |
| ئەوانی تر | ٨٠.٦٩ | ٩٠.٨ | ٤٠.١١ | ٦٠.٢٢٤ | ٨,٨٨ | ٨٠.١٥٤ |
| ڕووبەری (بەکارهاتوو) | *٦.٧٨٤ | ١٠٠ | ١٢٨,٥ | **٢.٢٥٢٦ | ١٠٠ | ***١٧٤١ |
| بەتاڵایی | ١.٨٥٤ | -- | -- | -- | -- | -- |
| کۆی گشتی | ٧.١٦٣٨ | -- | | -- | -- | -- |

سەرچاوە:

کاری توێژەر بە پشت بەستن بە خشتەکانی ژمارە(٢٧) و (٢٨) .

* ئەم ڕووبەرە ڕووبەری بەکارنەهێنراو بەتاڵای ناگرێتەوە.

** بەشی تاک لە ڕووبەری بەکارهێنانەکانی زەوی × ژمارەی دانیشتوانی پێشبینی کراوی ساڵی مەبەست( ٢٠٣٥).

١٢٨,٥٥ م٢ × ١٩٦٥٢٦ = ٢٥٢٦٣٤٦٩ م٢، = ( ٢٥٢٦,٣٤ هێکتار)
*** ڕووبەری پێویستی بەم شێوەی لای خوارەوە دەرهێنراوە.
ڕووبەری گشتی ساڵی (٢٠٣٥) – ڕووبەری گشتی ساڵی ( ٢٠٠٩) = ڕووبەری پێویست.
بڕوانە: محسن عبدالصاحب المظفر، تقنيات البحث المكاني و تحليلاته، المصدر السابق، ص٢٢٩.

### ٤- لە ڕووی ئاڕاستەکانی فراوانبوونەوە:

بە گوێرەی ماستەر پلانەکەو بەگەڕانەوە بۆنەخشەی ژمارە(١٢)ی پێشوو بۆمان دەردەکەوێت شاری قەڵادزێ لەئایندەدا بەهەموو ئاڕاستەکاندا فراوان دەبێت، بەڵام بەپلەی یەکەم وباشترین ئاڕاستە بۆ فراوانبوون بەشی ڕۆژئاوای شارەکەیە، وەبەپلەی دووەم هەردووك ئاڕاستەی باکوورو باشوور دێت وە خراپترین ئاڕاستەش ئاڕاستەی ڕۆژهەڵاتە، بەڵام لەڕێگەی سەردانی مەیدانی توێژەر بۆناوچەکە[10] بەسەرنج دان لەدیدوبۆچونێکی جوگرافیاوە لەبەشەجیاوازەکانی شاری قەڵادزێ بۆی دەرکەوت ڕاستە بەشەکانی شار لەئایندەدا یارمەتی دەرن بۆ فراوانبوونی شاری قەڵادزێ، بەڵام لە هەمان کاتدا خاڵی لاوازی فراوانبوون بە ئاڕاستەی ڕۆژئاوا بریتیە لە:

١- بوونی دارستانێکی چڕیی سنەوبەری لەبەشی ڕۆژئاوای شارەکە هەربۆیە فراوانبوون بەو ئاڕاستەیە گرفت لەبەردەم ئەم دارستانە دروست دەکات ودەبێتە هۆی لەناوچوونی.

٢- ناوچەی پیشەسازی دەکەوێتە بەشی ڕۆژئاوای شار لەبەر ئەوە فراوانبوونی شار لەئایندەدا بەئاڕاستەی ڕۆژئاوا دەبێتە هۆی ئەوەی کەناوچەی پیشە سازی بکەوێتە سەنتەری شارەوە، بێگومان ئەمەش کارێکی نەشیاوە، چونکە بەهۆی

[10] سەردانی مەیدانیی توێژەر بۆ بەشە جیاجیاکانی شاری قەڵادزێ بەمەبەستی دیاریکردنی ئاڕاستەی گونجاو بۆ فراوانبوون لە ئایندەدا، لەبەرواری/٢٥/٢/٢٠١٣.

دوکەڵ و دەنگە دەنگ و پاشە ڕۆوە ژیان وگوزەرانی دانیشتوان بەپێی پێویست نابێت، هەروەها ڕووخسارێکی ناشیرینیش بەشاردەبەخشێت لە داهاتوودا.

لەکاتێکدا توێژینەوەکە پێی وایە ئاڕاستەی باکوور بەهەردووك لای (باکووری ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا) شیاوە بۆ فراوانبوون بەهۆی گونجاوی باری تۆبۆگرافی ناوچەکە بەجۆرێك زەویەکەی تەختە، لەهەمان کاتدا بەرزی بەشی باکووری شار لەچاو بەشەکانی تری شاری قەڵادزێ یارمەتی دەرە بۆ پاراستنی شارەکە لەمەترسیەکانی لافاو، وەئـەم ئاڕاستەیە بوارێـــکی بەرفـــراوان بەڕووی شـــارەکەدا دەکاتـــەوە بۆئـــەوەی ناوچەی لێکۆڵینەوە بتوانێت بەئاسانی و بێ گیروگرفت لەئایندەدا فراوان بێت، وەنەبوونی هیچ بەربەستێکی سروشتی و مرۆیی لەبەشی باکوور لەشێوەی دارستان وشاخ و ڕووبارو شوێنەوار تاکو ببنە ڕێگر لەبەردەم ئەم فراوانبوونە.

دوای بەراووردکردنی ماستەرپلانی شارەکە لەگەڵ ئەو ئەنجامانەی کە توێژینەوەکە پێی گەیشتوە، لەو چوار خاڵەی سەرەوە کەبەراووردەکەمان تیادا ئەنجامدا، گەیشتینە ئەو بڕوایەی ڕاستە جیاوازی لەنێوان ئەنجامەکاندا هەیە ،بەڵام جیاوازیەکی ئەوەندە زەق و ئاشکرا لەنێوانیاندا نابینرێت، بۆیە لێرەوە دەتوانین بڵێین ماستەر پلانەکە دەتوانێت تاڕادەیەك ئامانجەکان و پێداویستیەکانی دانیشتوانی شارەکە لەداهاتوودا دەستەبەربکات.

لەکۆتایی ئەم باسەدا گەیشتینە ئەو دەرئەنجامەی کەبڵێین گەشەی دانیشتوانی شـاری قەڵادزێ لەئایندەدا کاریـگەری دەکـاتە سـەر ڕووبەری شارەکە، بەجۆرێك ژمارەی دانیبیشتوان لەماوەی نێوان ساڵانی (٢٠٠٩- ٢٠٣٥) لە(٦١٠٣٨) کەس بەرزدەبێتەوە بۆ(١٧٥٠٠٠)کەس، لەڕاستیدا ئەم گەشەکردنە بۆتە هۆی ئەوەی ڕووبەری شارەکە لەهەمان ماوەدا لە (٧،١٦٣٨) هێکتارەوە فراوان بێت بۆ(٧،٢٨٩٧) هێکتار، لەهەمان کاتیشدا بۆمان ڕوون بۆوە کەژمارەی دانیشتوانی قەڵادزێ بەگوێرەی توێژینەوەکە دەگاتە (١٩٦٥٢٦) کەس وە ڕووبەری شارەکەش دەبێتە (٣٤،٢٥٢٦) هێکتارە، بەم شێوەیە دەتوانین بڵێین ئەنجامەکانی هەر یەك لەماستەرپلانەکەو توێژینەوەکە لەڕووی (دانیشتوان و ڕووبەرەو) (٢١٥٢٦) کەس و (٣،٣٧١) هێکتار جیاوازیان هەیە. هەروەها

ناوچەی لێکۆڵینەوە لەداهاتوودا بەچەندین ئاڕاستەی جیاواز فراوان دەبێت، بەپلەی یەکەم و باشترین ئاڕاستە بۆ فراوانبوون ئاڕاستەی ڕۆژئاوایە، ئەم فراوانبوونەی کەبەچەندین ئاڕاستەی جیاواز لەشارەکەدا ڕوودەدات کار دەکاتە سەر گۆڕانی ئایندەی مۆرفۆلۆجی شاری قەڵادزێ لەشێوە ئەستێرەییەوە بۆ شێوەیەکی بازنەیی.

# دەرئـــەنــجام و ڕاسپاردەکان

# دەرئــەنــجامەکان

پاش تاوتوێکردنی بابەتەکان لێکۆڵینەوەکە گەیشتینە ئەم دەرئەنجامانەی خوارەوە:

١- شـاری قەڵادزێ شـوێنێکی جوگرافی گرنگی هەیە لەچوارچێوەی سنووری هەرێمی کوردسـتانی عێراق، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆهەڵـکەوتەی لەناوچەیەکی دەشتایی بەرفراوانی کشتوکاڵی دا هەروەها شوێنی ئەم شـارە لەناوچەیەکی سنووری دا لەگەڵ وولاتی ئێران هەڵکەوتووە کە وەك پردێکی پەیوەندی کردن لەنێوان عێراق وهەرێم و وولاتی ئێران لە قەڵەم دەدرێت لەزۆر ڕوانگەی وەك دیمۆگرافی وکۆمەڵایەتی و بازرگانی و سیاسی و ئابووری .

٢- دانیشتوانی شاری قەڵادزێ لەماوەی نێوان ساڵانی لێکۆڵینەوە گۆڕانکارییەکی بەرچاوی دیمۆگرافی بەسەردا هاتووە،بەشـێوەیەك لەماوەی نێوان ساڵانی (١٩٥٧-٢٠٠٩) دانیشتوانەکەی بەئاڕاستەی گەشەکردن هەنگاوی ناوە. بەڵام ئەم گەشەکردنە بەیەك ئاست نەبووە ، بەڵکوبەرزبوونەوەو نزمبوونەوەی بەخۆیەوەبینیوە، بەجۆرێك بەرزترین ڕێژەی گەشەکردن لەماوەی نێوان ساڵانی (١٩٨٧-٢٠٠٢)بووە، هەروەها نزمترین ڕێژەی گەشەکردنیش لەماوەی نێوان ساڵانی (١٩٧٧-١٩٨٧) ڕوویداوە. ئەمەش ئاماژەیە بۆئەوەی کە جیاوازیەکی زۆر لە ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوانی شاری قەڵادزێ لە ماوەیەکەوە بۆ ماوەیەکی تر بەدی دەکرێت، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی دانیشتوانی ناوچەی لێکۆڵینەوە بەئاراستەی گەشەکردن هەنگاوی ناوە.

٣-گەشەی سروشتی دانیشتوانی شاری قەڵادزێ لەماوەی نێوان ساڵانی(١٩٧٧-٢٠٠٩) ڕێژەیەکی بەرزی تۆمارکردووە لەهەمان کاتدا بەرزبوونەوەو نزمبوونەوەی بەخۆیەوە بینیوە، لەڕاستیدا ئەو ڕێژە بەرزەی گەشەی سروشتی لەسەر ئاستی دانیشتوانی ناوچەی لێکۆڵینەوە ئاماژەیەکی گرنگە بۆخێرایی گەشەی دانیشتوان لەشارەکەدا، لەهەمان کاتیشدا شاری قەڵادزێ بەو

**ڕێژەیە بەرزەیەوە دەچێتە ناو چوارچێوەی ئەو شارانەی کە ڕێژەی گەشەی سروشتی دانیشتوانیان بەرزە.**

**٤- کۆچ کردن وەك ڕەگەزێك لە ڕەگەزەکانی گەشەی دانیشتوان بە هەردووك جۆری کۆچی ئارەزوومەندانەو زۆرەملیێ، ڕۆڵێکی گرنگی لەزیادبوونی ڕێژەی گەشەی دانیشتوانی شاری قەڵادزێ داگێراوە، بەتایبەت لەماوەی نێوان ساڵانی(١٩٧٨ – ١٩٨٩) بەهۆی خراپی ڕەوشی سیاسی ناوچەکە بووبەهۆی ڕاگواستنی گوندنشینەکانی قەزای پشدەر کە لەئەنجامدا (٣٤)گوندو (١٥١٢) خێزان لەسنووری قەزای پشدەر بەرەو ناو شاری قەڵادزێ ڕاگوێزران،هەروەها لەماوەی ساڵانی ٢٠٠٢ - ٢٠٠٩ بەشێك لە گوندنشینەکانی قەزای پشدەر بۆ شاری قەڵادزێ کۆچیان کردوو، ئەمە جگەلەوەی بەپشت بەستن بەداتاکانی کۆچی هاتوو و ڕۆیشتووی ئەم ساڵانەی دوایی بۆمان ڕوون بۆوە کە ناوچەی لێکۆڵینەوە ناوچەیەکی ڕاکێشانی دانیشتوان بووە.**

**٥- گەشەی دانیشتوان بەدرێژایی تێپەڕبوونی قۆناغەکانی گەشەکردن کاریگەری کردۆتە سەر فراوانبوونی ڕووبەری شاری قەڵادزێ، بەشێوەیەك لەقۆناغی مۆرفۆلۆجی یەکەم (١٩٤٧-١٩٥٧) دانیشتوانی ناوچەی لێکۆڵینەوە بەڕێژەی (٥٪) گەشەی کردوە لەبەرامبەردا ڕووبەری شارەکە (٣٨,٢) هێکتاربووە، هەروەها لەقۆناغی مۆرفۆلۆجی شەشەم کە دواقۆناغی گەشەکردن وفراوانبوونی قەڵادزێ یە (٢٠٠٢ -٢٠٠٩) ڕێژەی گەشەی دانیشتوانی (٤,٦٪)بووە وەڕووبەری شاری قەڵادزێ لەم قۆناغەدا بەرزدەبێتەوە بۆ(١٦٣٨,٧)هێکتار.**

**٦- شاری قەڵادزێ بەدرێژایی تێپەڕبوونی قۆناغە مۆرفۆلۆجیەکان بەچەند شێوازێکی جیاواز فراوانبووە،وەك شێوازی فراوانبوونی بازدان وهێڵی و پڕکردنەوە و بەپلان وهەڕەمەکی لەهەمانکاتیشدا بەچەندین ئاڕاستەی جیاواز فراوانبووە، بەجۆرێك لە هەرقۆناغەو ئاڕاستەیەکی جیاوازی وەرگرتووە.**

**٧- فراوانبوونی شار بەرەو لێوارو ناوچەکانی دەوروبەری کاریگەری خراپی بەسەر گوندو زەویە کشتوکاڵیەکانی دەوروبەری شار جێ هێشتووە، چونکە**

لەئەنجامی ئەم فراوانبوونەدا (٧) گوندو (٥٢١) هێکتار لە زەوی کشتوکاڵی ناوچەکە لە ناوچوون و کەوتوونەتە ناو سنووری شارەکەوە.

٨- فراوانبوونی شار بەدرێژایی تێپەڕبوونی قۆناغە مۆرفۆلۆجیەکان کاریگەری پۆزەتیفی هەبووە، چونکە بەهۆی ئەم فراوانبوونەی کە لەڕووبەری شارەکەدا ڕوویداوە توانراوە ڕووبەری پێویست بۆ ئەو ژمارەیەی لەدانیشتوان کەزیادیکردووە دابین بکرێت، لەهەمان کاتدا لەگەڵ گەشەکردنی دانیشتوان دا ڕووبەری هەریەك لە جۆرەکانی بەکارهێنانی زەویش لەشارەکەدا زیاتربووە، ئەمەش بەئامانجی پڕکردنەوەی پێداویستی و داوکاریەکانی دانیشتوان .

٩-بەربەستە سروشتی ومرۆییەکان وەك (چۆمی ئالاوەو چۆم خڕکەو گردی حوسنی و قەلاتی قەلادزێ و دارستانی سنەوبەری) لەگەڵ تێپەڕبوونی قۆناغە مۆرفۆلۆجیەکان کاریگەریان کردۆتە سەر دیاریکردنی ئاراستەکانی فراوانبوونی شارەکە.

١٠- شاری قەلادزێ پێش ڕاگواستن وخاپورکردن لەڕووی گەشەی دانیشتوان وفراوانبوونی ڕووبەرەکەیەوە بە بەراوورد لەگەڵ دوای ڕاگواستن بەهێواشی هەنگاوی ناوە، بەجۆرێك لەپێش ڕاگواستن دا کەماوەی(٤٠) ساڵ دەگرێتەوە لەنێوان ساڵانی(١٩٤٧-١٩٨٧) لەتەواوی ئەو ماوەیەدا تێکڕای ژمارەی دانیشتوانەکەی (١٤٨١٢)کەس بووە وەتێکڕای ڕووبەری گشتی شارەکە (٢٣٧,٥) هێکتار بووە، بەلام لەدوای ڕاگواستن ودووبارە ئاوەدانکردنەوەی شارەکە لەساڵی(١٩٨٧ -٢٠٠٩) کە(٢٢) ساڵی خەیاندووە ژمارەی دانیشتوانەکەی گەیشتۆتە (٦١٠٣٨)کەس وە تێکڕای ڕووبەری گشتی شارەکەش گەیشتۆتە (١٦٣٨,٧)هێکتار.

١١- جیاوازی لەنێوان ژمارەی دانیشتوانی شاری قەلادزێ بەگوێرەی ئەو ماستەر پلانەی کەبۆ شاری قەلادزێ دانراوە تا ساڵی ٢٠٣٥، لەگەڵ ئەو ژمارە دانیشتوانەی کە توێژینەوەك پێی گەیشتووە (٢١٥٢٦) کەسە.

١٢- جیاوازی لەنێوان ڕووبەری ناوچەی لێکۆڵینەوە بەگوێرەی ماستەر پلانەکە تا ساڵی ٢٠٣٥ لەگەڵ ئەو ڕووبەرەی کە توێژینەوەکە پێی گەیشتووە (٣٧١,٣) هێکتارە.

١٣- شاری قەڵادزێ لەئایندەدا بەگشت ئاڕاستەکانی دا فراوان دەبێت کە ئاڕاستەی ڕۆژئاوا بەپلەی یەکەم وباشترین ئاڕاستەدێت بۆ فراوانبوون، وە بەپلەی دووەم هەریەك لەئاڕاستەکانی باکوور وباشووردێن ، لەهەمان کاتیش دا لاوازترین ئاڕاستەش ئاڕاستەی ڕۆژهەڵات.

١٤- مۆرفۆلۆجیی شاری قەڵادزێ کەمەبەستمان شێوەی شارەکەیە لە (٢٦) ساڵی داهاتوودا گۆڕانی بەسەردا دێت بەجۆرێك لەشێوە ئەستێرەییەکەی ئێستایەوە دەگۆڕێت بۆ شێوەیەکی بازنەیی.

## ڕاسپاردەکان

لەژێر ڕۆشنایی باسەکانی پێشوودا،لێکۆڵینەوەکە چەندڕاسپاردەیەك پێشنیار دەکات بەئامانجی چارەسەرکردنی کێشەکانی شار لەڕووی دانیشتوان و فراوانبوونەوە.

١- بایەخ بەداتاکانی بواری دانیشتوان بدرێت ،چونکە ئەنجامی توێژینەوەکانی تایبەت بەدانیشتوان دەوەستێتە سەر ووردی وڕاستی داتاو ئامارە دیمۆگرافیەکان، کەئەمانەیش لەئێستاو داهاتوودا وێنەو نەخشەی جەمسەرەکانی پلان دانان پەرەپێدان لەشارەکەدا دەکێشن، بۆیە لەم گۆشە نیگایەوە پێشنیار دەکەم کە سوود لە فەرمانگەی (ئاماری قەڵادزێ) وەربگرێت بەئامانجی هۆشیارکردنەوەی دانیشتوانی ناوچەکە لەگرنگی داتاوئامارەکانی تایبەت بەدانیشتوان، هەروەها هەوڵ بدرێت ووردەکاریەکانی گۆڕانکاریەکانی دانیشتوانی شاری قەڵادزێ لە ڕووی لەدایك بوون ومردن و کۆچ هتد.. لەڕێگەی فەرمانگەی ئاماری قەڵادزێ وە وەربگیرێت وتوێژینەوە لەسەر بکرێت.

٢- پێویستە پشتگیریی زیاتری گوندەکانی دەوروبەری شاری قەڵادزێ بکرێت لەڕێگەی دابین کردنی پێداویستیە کشتوکاڵی وئاژەڵیەکان بۆیان، هەروەها خزمەتگوزاریەکانی وەك پەروەردەو تەندروستی ڕێگاوبان ئاوو کارەبا هتد...بۆ دەستەبەربکرێت کەدرێژە بەمانەوەی گوند نشینەکان دەدەن. ئەمەش لەپێناوی کەمکردنەوەی کۆچی گوندنشینەکان بۆ شاری قەڵادزێ، کە لەداهاتوودا جۆرێك

لەتەنگەژەی دیمۆگرافی وئابووری وکۆمەڵایەتی وئاوەدانی لە شارەکەدا دروست دەکات.

٣- سنوورێك بۆئەو فراوانبوونە ئاسۆیە دابنرێت کە لەئێستادا شاری قەڵادزێ لەڕێگەی دروست کردنی کۆمەڵگەی نیشتەجێ بوون بەخۆیەوە دەبینێت،ئەمەش بەهۆی پەیرەوکردنی  فراوانبوونی ستوونی لەڕێگەی دروست کردنی بیناو باڵەخانەی چەند نهۆمی لەهەمان کاتدا هانی خێزانەکان بدرێت کە لەو بیناو باڵەخانانەدا نیشتەجێبن.

٤- پێویستە حکومەت ولایەنە پەیوەندی دارەکان سوود لە کردنەوەی بەشی ماستە پلان لە شارەوانی قەڵادزێ وەربگرن بە ئامانجی ڕێگرتن لەو فراوان بوونە هەڕەمەکیەی کە شاری قەڵادزێ لە زۆربەی قۆناغەکانی فراوان بوونی دا بەخۆیەوە بینیوە تاکو لەو ڕێگایەوە بتوانرێت مۆرفۆلۆجیەکی شیاو بۆ شارەکە دەستەبەر بکرێت کە بگونجێت لەگەڵ سروشتی جوگرافی و دیمۆگرافی و ئابووری و کۆمەڵایەتی شارەکە

٥- هەوڵ بدرێت هەم ئاهەنگی لەنێوان شارەوانی وفەرمانگەی کشتوکاڵی قەڵادزێ دروست بکرێت کاتێك بڕیار لەفراوانبوونی شار دەدرێت، ئەمەش بەئامانجی پاراستنی گوند و زەویە کشتوکاڵیەکانی چواردەوری شار،چونکە ئەم فراوانبوونە ئاسۆییە دەبێتە هۆی لەناوبردنی گوندو زەویە کشتوکاڵیەکانی دەوروبەری شار لە ئایندەیەکی نزیکدا، لەکاتێکدا ئەم گوندو زەویە کشتوکاڵیانە بەشادەماری بەشێك لەئابووری شاری قەڵادزێ لەقەڵەم دەدرێن .

٦- وەك لەماستەرپلانەکەدا ڕوون کراوەتەوە شاری قەڵادزێ لەداهاتوودا پاڵپشت بەشوێنە جوگرافیەکەی دەبێتە شارێکی بازرگانی، بۆیە پێویستە گرنگی زیاتر بەو ڕێگایانە بدرێت کەشاری قەڵادزێ دەبەسێتەوە بەدەرەوەی هەرێم، وولاتی ئێران وبەشەکانی ناوخۆی هەرێمی کوردستانی عێراق، وەك ناساندنی ئەم ڕێگایانە لەجۆری ڕێگای نێودەوڵەتی.

٧- هەوڵ بدرێت لەداهاتوودا شارەکە بەئاڕاستەی باکوور و باشوور فراوان بێت، چونکە ئەم دووئاڕاستەیە یارمەتی پاراستنی گوندو زەویە کشتوکاڵیەکانی شاردەدن لەهەمانکاتدا بەهۆی گونجاوی تۆبۆگرافی ناوچەکە بەربەستە سروشتی ومرۆییەکان ڕێگە لەفراوانبوونی شار ناگرن لە ئایندەدا.

# پاشكۆكان

## پاشكۆی ژماره ( ١ )

### بەڵگەنامەی ژمارە 9

٦ / ٣

٢/١٦٢

بسم الله الرحمن الرحيم

رئاسة الجمهورية

السكرتير

مديرية الاستخبارات العسكرية العامة

منظومة استخبارات المنطقة الشرقية

يرجى الاشارة الى الرقم كاملاً

( نسيطر الشهداء اكرم منا جميعاً )

سري وشخصي الرقم / ش٣/ ق٣/ / قادسية صدام / ٢٠٦

التاريخ / ١٢ / آذار ١٩٨٩

/ شعبان / ١٤٠٦ هـ

الى / مديرية الاستخبارات العسكرية العامة ( ش٣ )

الموضوع / محضر اجتماع

بالساعة ١١٠٠ من يوم ١١ آذار ٨٩ عقد أجتماع في قيادة مكتب تنظيم الشمال حضره السادة المحافظين وأعضاء سر الفرع وقادة الفيالق ومسؤولي الاجهزه الامنيه وفيما يلي أهم الامور التي تمت مناقشتها خلال الاجتماع :ـ

١. أشار الرفيق مسؤول المكتب في بدايه حديثه الى ضرورة تدارس الوضع في الشمال بعد أنتهاء عمليات الانفال وطرد المخربين خارج الحدود وأعادة النظر ببعض القرارات التي أتخذت في حينه لظروف أستثنائيه .

٢. تم التركيز خلال الاجتماع على مسألة جوهريه وهي تحديد الاماكن المحذوره أمنيا " والاماكن الغير المحذوره وكذلك المناطق التي من الممكن زراعتها والتواجد فيها نهارا " والانسحاب منها ليلا " وكذلك المناطق الممكن زراعتها والتواجد فيها ليلا " ونهارا " وقدم قادة الفيالق شرحا " مفصلا " عن المناطق المشار اليها أعلاه وطلب منهم الرفيق مسؤول المكتب تثبيت ذلك رسميا " لكي يتم التعامل على أساسه بشأن الذين يتواجدون في المناطق المحرمه والمحذوره وأكد على ضرورة الرجوع الى توجيهات المكتب السابقة بصدد التعامل معها .

مع كل من يتواجد في المناطق المحذوره .

٣. تأشير المناطق التي يزال عنها المحذور الامني وعلى المنظمات الحزبيه أن تنشط في مجال توعية المواطنين وتبصيرهم بالمناطق المحذوره والمناطق غير المحذوره والاجراءات التي ستترتب عليهم في حالة عدم الالتزام بما ورد أعلاه .

(٤) تم القرار على أزالة كل ماموجود شرق سنكسر ( قلعه دزه والمجمعات التابعه لها ) وكل ماهو يسار بحيرة دوكان وشمال بيره مكرون ... على أن تباشر اللجان المختصه بتهيئة أماكن المجمعات المقترحه ويتم الترحيل في بداية شهر أيار من هذا العام مع ضرورة ملاحظة عدم الرغبه بسكن العشيره الواحده في مجمع واحد مما يخلق لنا بعض المتاعب مستقبلا "لأن الذي يقود هو الحزب القائد فقط .

٥. يتم أختيار المجمعات في محافظة السليمانية وفي حالة عدم وجود الرقعه الجغرافيه الكافيه أختيار مواقع للمجمعات في محافظة أربيل وكذلك الاستفاده من المجمعات السابقه والتي تتوفر فيها كافة الامور الخدميه الاخرى .

٦. المناطق المحذوره بسبب وجود النفط فيها تقلص الى الحد الادنى وتوجير الى أشخاص مؤتمنين بعد جمعهم وأعلان المزايده فيما بينهم ويحرم من ذلك الذين كانوا يعملون ضمن صفوف التخريب .

٧. سبق وأن صدر توجيه من مكتب تنظيم الشمال بعدم سماع شكاوى المواطنين الذين يسكنون القرى المحذوره أمنيا "ونظرا" لأزالة تلك القرى وأسكان أهاليها في مجمعات مسيطر عليها من قبل الدولة وعليه فأنهم من حقهم تقديم الشكاوى ويلغى التوجيه السابق .

٨. لابد من مغادرة الصيغ الاستثنائيه وعدم الرجوع الى المكتب في كل شيء وعلى كل واحد منا أن يأخذ دوره بالكامل في مجال أختصاصه ...

٩. على الاجهزه الامنيه كسب أكبر عدد ممكن من المؤتمنين في المجمعات السكنيه لكشف التنظيمات الداخليه ومن يعملون في الزوايا المظلمه .

١٠. أن متابعة التنظيمات الداخليه من قبل أستخبارات وأمن الفيالق والفرق يولد لنا بعض الاشكالات والمتاعب وعليه تحال هكذا أمور الى الاستخبارات أو الامن حسب الاختصاص وهم الذين يقومون بمتابعتها .

١١. عند حدوث عمل تخريبي في المناطق المحذوره أمنيا " فيكون ذلك من مسؤولية القطعات العسكرية أما داخل المجمعات والمدن فيكون ذلك من مسؤولية الاستخبارات والامن .

يرجى التفضل بالاطلاع ... مع التقدير .

العقيد الركن

مدير منظومة أستخبارات المنطقة الشرقيـة

٢٠ آذار ٨٩

## پاشكۆی ژمارە ( ٢ )

## ژمارەی دانیشتوانی شاری قەڵادزێ وقەزای پشدەر و شارنشینی و گوندنشینی قەزاو پارێزگای سلێمانی.

| ساڵ | شارنشینی قەزا | گوندنشینی قەزا | قەزای پشدەر | پارێزگای سلێمانی | شاری قەڵادزێ |
|---|---|---|---|---|---|
| ١٩٥٧ | ٥٥٩٦ | ٢٨٩٤٩ | ٣٤٥٤٥ | ٣٠٤٨٩٥ | ٤٩٠٥ |
| ١٩٦٥ | ٦٥٧٦ | ٣٦٤٨٧ | ٤٣٠٦٣ | ٣٩٩٧٦٨ | ٥٧٠٢ |
| ١٩٧٧ | ١٨٧٤٧ | ٣١١٢٠ | ٤٩٨٦٧ | ٦٩٠٥٥٧ | ١٣٦٨٥ |
| ١٩٨٧ | ١٨٩٣٤ | ٥٤٦٦٨ | ٧٣٦٠٢ | ٩٥١٧٢٣ | ١٤٤٨٧ |
| ٢٠٠٢ | ٥٩٤٢٢ | ٣٧١٦٧ | ٩٦٥٨٩ | ١٢٤٩٨٢٤ | ٤٤٥٠٤ |
| ٢٠٠٩ | ٨٠١٧٦ | ٢٧٤٢٠ | ١٠٧٥٩٦ | ١٧٩٧٥٠٨ | ٦١٠٣٨ |

سەرچاوە:

١- وزارة الداخلية،مديرية النفوس العامة، مجموعة الاحصائية لتسجيل(١٩٥٧) لوائی السليمانيةو كركوك، مطبعة العانی، بغداد، جدول رقم (٨) جدول (٤) ص٩ .

٢- وزارة التخطيط، الجهاز المركزی للأحصاء، نتائج تعداد العام للسكان لسنة (١٩٦٥) ، مطبعة الجهاز المركزی للأحصاء، بغداد، سنة ،١٩٧٣، جدول رقم (١) ص٨ .

٣- وزارة التخطيط، الجهاز المركزی للأحصاء، نتائج تعداد العام للسكان لسنة (١٩٧٧)، مطبعة الجهاز المركزی للأحصاء، بغداد، محافظة السليمانية ، سنه ١٩٧٨، جدول رقم (٣) ، جدول رقم (٤) ، ص٦- ٩.

٤- وزارة التخطيط، الجهاز المركزی للأحصاء، نتائج تعداد العام للسكان، المحافظة السليمانية، لسنة (١٩٨٧)، بغداد، سنه١٩٨٨، جدول (اح) ص٥-٦.

٥- مديرية أحصاء السليمانية، المؤشرات السكانية والبنيی الخدیمة الأرتكازية لأقليم كردستان العراق السليمانيه، لسنة ٢٠٠٢، ص١٠

٦- وەزارەتی پلاندان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەڕێوبەرایەتی ئاماری سلێمانی، ئەنجامی سەرەتاییەکانی پرۆسەی ژمارە لێدان و گەمارۆسازی (الحصر و ترقيم) ، سەرژمێری دانیشتوان نشینگەکان، ساڵی ٢٠٠٩، لا١٠٣.

## پاشکۆی ژمارە ( ٣ )

## ژمارەی هاوسەرگیران بەگشتی و هاوسەرگیرانی تەمەن ( ١٤- ٢٠ ) ساڵ لەماوەی ساڵانی ( ٢٠٠٣- ٢٠٠٩ )

| ساڵ | ژ. ئەوانەی هاوسەرگیریان کردوە | ژ.ئەوانەی هاوسەرگیریان کردوە کەتەمەنیان لەنێوان (١٤-٢٠)ساڵدایە |
|---|---|---|
| ٢٠٠٣ | ٦٠٦ | ١٧٧ |
| ٢٠٠٤ | ٩٣١ | ٢٣٠ |
| ٢٠٠٥ | ٩٦٥ | ٢٠٦ |
| ٢٠٠٦ | ١١٤١ | ٢٩٤ |
| ٢٠٠٧ | ١٠٩٢ | ٢٧٢ |
| ٢٠٠٨ | ٩٣٥ | ٣٣٢ |
| ٢٠٠٩ | ٩٧٨ | ٢٦٧ |

سەرچاوە:

حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەنجومەنی دادوەری، سەرۆکایەتی دادوەری تیاهەڵچوونەوەی ناوچەی سلێمانی، دادگای باری کەسیەتی پشدەر، هۆبەی هاوسەرگیری.

## پاشکۆی ژمارە ( ٤ )
## هـاوسـەرگیری وجیـابوونەوە لەشـاری قەلاّدزێ لەمـاوەی سالاّنی ( ٢٠٠٣-٢٠٠٩ ) لەهەزارا.

| سالّ | ژ.هاوسەرگیری | ژ.جیابونەوە | ژ.دانیشتوان لەنیوەی سالّدا | ** ڕێژەی هاوسەرگیری | *ڕێژەی جیابوونەوە |
|---|---|---|---|---|---|
| ٢٠٠٣ | ٦٠٦ | ٦٠ | ٤٥٥٢٧ | ١٣,٣ | ٣،١ |
| ٢٠٠٤ | ٩٣١ | ٤٠ | ٤٧٦٢١ | ١١,٣ | ٠,٨ |
| ٢٠٠٥ | ٩٦٥ | ٦٢ | ٤٩٨١١ | ١٩,٣ | ٢،١ |
| ٢٠٠٦ | ١١٤١ | ٦١ | ٥٢١٠٢ | ٢١,٨ | ٧،١ |
| ٢٠٠٧ | ١٠٩٢ | ٤٩ | ٥٤٤٩٨ | ٣،٢٠ | ٨،٠ |
| ٢٠٠٨ | ٩٣٥ | ٦٢ | ٥٧٠٠٤ | ١٦,٤ | ١ |
| ٢٠٠٩ | ٩٧٨ | ٧٢ | ٥٩٦٦٢ | ١٥,٣ | ١ |

سەرچاوە:

١- حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەنجومەنی دادوەری، سەرۆکایەتی دادوەری تیاهەڵچوونەوەی ناوچەی سلێمانی، سەرچاوەی پێشوو.

٢- حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەنجومەنی دادوەری، سەرۆکایەتی دادوەری تیاهەڵچوونەوەی ناوچەی سلێمانی، دادگای بەرایی پشدەر بەشی کارگێری .

٣- پاشکۆی ژمارە( ٥ )

(*) ڕێژەی جیابوونەوە بریتیە لە ژمارەی هاوسەرگیربووان لەساڵێکدا ÷ ژمارەی دانیشتوان لەنیوەی سالّدا ×١٠٠٠ .

بڕوانە: یونس حمادی علی، مبادئ علم الديمغرافيه، دراسه السكان، جامعه الموصل ،١٩٨٥ الموصل، ص٢٧٩.(**) ڕێژەی هاوسەرگیری بریتیە لە ژمارەی هاوسەرگیربووان لەساڵێکدا ÷ ژمارەی دانیشتوان لەنیوەی سالّدا ×١٠٠٠ . بڕوانە: عبدالفتاح امام حزين، جغرافية السكان، دراسة فی اسس والتطبيقات، مكتبة الانجلو المصريه ، القاهره ، ٢٠٠٤، ص ٢٩٠.

## پاشکۆی ژمارە ( ٥ )

## ژمارەی ڕێژەی لەدایك بوون و مردن لە شاری قەڵادزێ لەماوەی نێوان ساڵانی( ١٩٧٧- ٢٠٠٩ ) لەهەزارا.

| ساڵ | ژ. دانیشتوانی قەڵادزێ | ژ. دانیشتوان لەنیوەی ساڵدا *** | ژ.لەدایکبوون (٦) | ڕێژەی لەدایك بوون | (٦)ژ. مردن | ڕێژەی مردن |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٩٧٦(١) | ١٢٦٢٥ | -- | -- | -- | -- | -- |
| ١٩٧٧(٢) | ١٣٦٨٥ | ١٣١٥٥ | ١٩٣ | ٦،١٤ | ١١ | ٨،٠ |
| ١٩٧٨(*) | ١٣٧٥٣ | ١٣٧١٩ | ٢٥٣ | ٤،١٨ | ٤١ | ٩،٢ |
| ١٩٧٩ | ١٣٨٢١ | ١٣٧٧٨ | ٤٣٥ | ٥،٣١ | ٥٣ | ٨،٣ |
| ١٩٨٠ | ١٣٨٩٠ | ١٣٨٥٥ | ٤٩٢ | ٥،٣٥ | ٦٩ | ٩،٤ |
| ١٩٨١ | ١٣٩٥٩ | ١٣٩٢٤ | ٦٠٢ | ٢،٤٣ | ٨٢ | ٨،٥ |
| ١٩٨٢ | ١٤٠٢٨ | ١٣٩٩٣ | ٣٠٠ | ٥،٢١ | ٢٧ | ٩،١ |
| ١٩٨٣ | ١٤٠٩٨ | ١٤٠٦٣ | ٦٠٨ | ٢،٤٣ | ٤٩ | ٤،٣ |
| ١٩٨٤ | ١٤١٦٨ | ١٤١٣٣ | ٤٤٢ | ٢،٣١ | ٣٣ | ٣،٢ |
| ١٩٨٥ | ١٤٢٣٨ | ١٤٢٠٣ | ٥٧٨ | ٦٩،٤٠ | ٢٧ | ٩،١ |
| ١٩٨٦ | ١٤٣٠٩ | ١٤٢٧٣ | ٨١٣ | ٩،٥٦ | ٣٤ | ٣،٢ |
| ١٩٨٧(٣) | ١٤٤٨٧ | ١٤٣٩٨ | ٨٦٧ | ٢،٦٠ | ٤١ | ٨،٢ |
| ١٩٨٨(**) | ١٥٦٠٢ | ١٥٠٤٤ | ٨٩٩ | ٧،٥٩ | ٣٦ | ٣،٢ |
| ١٩٨٩ | ١٦٨٠٣ | ١٦٢٠٢ | ٥٩٦ | ٧،٣٦ | ١٧ | ٤،١ |
| ١٩٩٠ | ١٨٠٩٦ | ١٧٤٤٩ | ڕاگواستراوە | ڕاگواستراوە | ڕاگواستراوە | ڕاگواستراوە |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٩٩١ | ١٩٤٨٩ | ١٨٧٩٢ | " | " | " | " |
| ١٩٩٢ | ٢٠٩٨٩ | ٢٠٢٣٩ | " | " | " | " |
| ١٩٩٣ | ٢٢٦٠٥ | ٢١٧٩٧ | ٦٨٣ | ٣،٣١ | ١٩ | ٨،٠ |
| ١٩٩٤ | ٢٤٣٤٥ | ٢٣٤٧٥ | ٢٠٤٢ | ٨٦,٩ | ٦٨ | ٨،٢ |
| ١٩٩٥ | ٢٦٢١٩ | ٢٥٢٨٢ | ١٠٦٨ | ٢،٤٢ | ٢٣ | ٩،٠ |
| ١٩٩٦ | ٢٨٢٣٧ | ٢٧٢٢٨ | ٦٢٥ | ٩،٢٢ | ٤٠ | ٤،١ |
| ١٩٩٧ | ٣٠٤١١ | ٢٩٣٢٤ | ١٤٩٤ | ٩،٥٠ | ٤٥ | ٥،١ |
| ١٩٩٨ | ٣٢٧٥٢ | ٣١٥٨١ | ١٠٣٩ | ٨،٣٢ | ١٠ | ٣،٠ |
| ١٩٩٩ | ٣٥٢٧٣ | ٣٤٠١٢ | ١٣١٥ | ٦،٣٦ | ٢٥ | ٧،٠ |
| ٢٠٠٠ | ٣٧٩٨٩ | ٣٦٦٣١ | ١٢٠٤ | ٨،٣٢ | ٤٥ | ٢،١ |
| ٢٠٠١ | ٤٠٩١٤ | ٣٩٤٥١ | ١٣٤٦ | ١،٣٤ | ٥٤ | ٤،١ |
| ٢٠٠٢(٤) | ٤٤٥٠٤ | ٤٢٧٠٩ | ١٤٤٥ | ٨،٣٣ | ٦٤ | ٤،١ |
| ٢٠٠٣(***) | ٤٦٥٥١ | ٤٥٥٢٧ | ١٢٣٦ | ١،٢٧ | ٥٣ | ١،١ |
| ٢٠٠٤ | ٤٨٦٩٢ | ٤٧٦٢١ | ١٥١٥ | ٨،٣١ | ٥٧ | ١،١ |
| ٢٠٠٥ | ٥٠٩٣١ | ٤٩٨١١ | ١٢٦٣ | ٢،٢٥ | ٨١ | ٦،١ |
| ٢٠٠٦ | ٥٣٢٧٣ | ٥٢١٠٢ | ١٣٧٢ | ٣،٢٦ | ٦٥ | ٢،١ |
| ٢٠٠٧ | ٥٥٧٢٣ | ٥٤٤٩٨ | ١٥٠١ | ٥،٢٧ | ١٠٥ | ٩،١ |
| ٢٠٠٨ | ٥٨٢٨٦ | ٥٧٠٠٤ | ١٦١٧ | ٣،٢٨ | ١٠٨ | ٨،١ |
| ٢٠٠٩(٥) | ٦١٠٣٨ | ٥٩٠٠ | ١٤٩٢ | ٢٥ | ١٣ | ٢،٢ |

سەرچاوە:

(١) بەدابەزاندنی دانیشتوان (اسقاطات السكانية) دەرهێنراوە بەپشت بەستن بەڕێگای (ناوەندی ئەندازیاری) كە بریتیە لەڕێژەی گەشە×ژمارەی دانیشتوانی هەرساڵێك ÷١٠٠بڕوانە: عبدعلی حسن الخفاف وعبدمخور الريحاني، جغرافيةالسكان، مصدرالسابق ص١٥٢.

(٢) وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء، نتائج التعداد العام للسكان، المحافظة السليمانية ، لسنه١٩٧٧، مصدرالسابق، جدول رقم (٣) ،ص٦٠.

(*) لەساڵی (١٩٧٨ تا ١٩٨٦) بە دابەزاندنی دانیشتوان دەرهێنراوە بەهەمان ڕێگای پێشوو.

(٣) وزارة التخطيط، الجهاز المركزى للاحصاء، نتائج التعداد العام للسكان، المحافظة السليمانية، لسنة ١٩٨٧ ،مصدرالسابق ، ص٣.

(**) لەسالی (١٩٨٨-٢٠٠١ ) بەدابەزاندنی دانیشتوان دەرهێنراوە بەهەمان ڕێگەی پێشوو.

(٤) مديرية احصاء السليمانية، المؤشرات السكانية والبني الخدمية والارتكازية للآقليم كردستان العراق، لسنة، ٢٠٠٢ ، ص١٠.

(***) لەسالی (٢٠٠٣-٢٠٠٨ ) بەدابەزاندنی دانیشتوان دەرهێنراوە بەهەمان ڕێگەی پێشوو.

(٥) وەزارەتی پلان دانان ، دەستەی ئاماری هەرێم ، بەرێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی ، ئەنجامە سەرەتاییەکانی پرۆسەی ژمارە لێدان و گەمارۆسازی (حصرو ترقيم) سەرژمێری دانیشتوان ونشینگەکان ، ساڵی ٢٠٠٩، لا١٠٣-١٠٤.

(**** ) ژمارەی دانیشتوان لەنیوەی ساڵدا دەرهێنراوە بە کۆکردنەوەی ژمارەی دانیشتوانی هەر ساڵێك لەگەڵ ساڵێك پێش خۆی پاشان دابەشکردنیان بەسەر دوودا.

(٦) حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق، وەزارەتی تەندروستی، بەرێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی ڕانیە، نەخۆشخانەی گشتی قەڵادزێ، بەشی لەدایك بوون ومردن، زانیاری دەربارەی ژمارەی لەدایك بوون و مردن لەشاری قەڵادزێ لەماوەی ساڵانی (١٩٧٧-٢٠٠٩)